# گەمەسیاسییەکانی پارتی و یەکێتی خزمەتی کێدەکات ؟
# گوتاری سیاسی کورد دەبێ چۆنبێت ؟
# نەریتی چوونە باوەشی دوژمن ، کورد کوشتن ، کڕینوفرۆشتنی خەلک ، پاشقولگرتن ، درۆکردن کەی کۆتایی دێت ؟
# سامانە سروشتی و نەتەوەییەکانی ئێمە دەبێ چۆن مامەلەبکرێت؟

عارف کەریم- ستۆکهۆڵم

ڕۆژی 2009/07/25 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆتاییهات، خەڵکی کوردستان هیواو ئاواتێکی زۆریان لەسەر هەڵچنی ، بەتایبەتی پاشئەوەی موعادەلە سیاسییەکە وەکوو خۆی نەمایەوە لە گۆڕەپانەکەدا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەلاقەیەکی گەورەی تێکەوت و تووشی شکستێکی سیاسی بوو ، بەرامبەربەمە لیستی گۆڕان لەماوەیەکی کەمی کاروچالاکی سیاسی خۆیدا توانی جەماوەرێکی نیو ملیۆنی لەخۆی کۆبکاتەوە و گەورەترین سەرکەوتن بەدەستبێنێ و چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و کورسی زیاتر بەدەست بێنێ ئەگەر بێتو هەڵبژاردنەکە ساختەو فڕوفێڵ و گزیوفزی تیانەکرایە ، بەتایبەتی لەناوچەکانی هەولێر و دهۆک . بەڵام بەپێچەوانەی خواست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانەوە ، هەر لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەکەدا ، هەڕەشە و گورەشە و چاوسوورکردنەوە و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی زوبانی گوللە دەستپێکرد بەتایبەتی لە دهۆک و ناوچەی بادینان ، لەهەندێ شوێن هەر نەیانهێشت سندوقی دەنگدان دابنرێ جگەلەوەی چەند کەسایەتییەکی دیاروناسراویان بە ئاشکرا و بەفەرمی ئاگادارکردەوە کە توخنی هەڵبژاردنەکە نەکەون و بەشداری نەکەن ، هاتوچۆی بارزان و بادینان نەکەن .
ئەوەی ئێمە بینیمان ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی سیاسەتی کۆن و سەقەت و بەسەرچوو و تۆزلێنیشتووی پەنجاساڵی ڕابوردووی یەکێتی و پارتی کەپەنایانبردۆتەبەر و کاریان لەسەرکردووە و دەرگاکانیان داخستووە لە ڕووی هەرکەس و لایەنێکی سیاسی تر کە لەبەرژەوەندی ئەوان کاریان نەکردبێ .
خەڵکی کوردستان پێوایان وابوو ئەمانە لەدوای هەڵبژاردنەکە بەخۆیاندادەچنەوە و ددان بە هەڵە و تاوانەکانی ڕابوردوویاندا دەنێن و داوای لێبوردن لە گەلەکەیان دەکەن و فێری ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن دەبن و بەکردار بەرامبەرەکەیان قەبووڵدەکەن و خەتی ڕاستوچەپیان بەسەردا ناهێنن و کار بۆ پرۆسەی دیموکراتی و ئاشتی دەکەن و خۆیان دەخەنە دڵی خەڵکەوە و عەقڵی ستالینی و هیتلەر و سەددام فڕێدەدەن و لاسایی ئەوانە ناکەنەوە لە پیادەکردنی سیاسەت و بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا . دیسان چاوەڕواندەکرا هاوپەیمانیەتیە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی هەڵبوەشایەتەوە و سەرلەنوێ لاپەڕەیەکی نوێیان دەستپێبکردایە و ئەو دەلاقە و برینانەیان ساڕێژبکردایە کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو بەهۆی سیاسەتی چەوت و نادروستی خۆیانەوە کەوتبوە لەشی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمانەوە و میللەتیان بەرەو ئامانجێکی ڕوونوئاشکرا ببردایە و پەیرەوی خەباتی شارستانی و دیموکراتی و مافی مرۆڤیان بکردایە و بەمانای وشە خزمەتکاری گەلەکەمان و لەخزمەتی ئەواندابوونایە ، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە ، پەیڕەویکردنی سیستمی تاکڕەوی و شموولی و توتالیتار و دەسەڵاتی بنەماڵە و خێڵەکی و مەحسووبیەت و مەنسووبیەت و دەرگاداخستن لەڕووی ژیانی دیموکراتی و عەدالەتی

کۆمەڵایەتی ، نەهێشتنەوەی هەموو نرخوبەهایەک بۆ یاساودەستوور ، هێشتنەوەی سەروەری بۆ خۆیان و حزبەکەیان و مامەلەکردنی تاکەکانی گەل وەکوو گوێرەکە و ڕەیشەوڵاخ و بەهێزکردنی دابونەریت و پەیوەندییە خێڵەکییە کۆن و داڕزاوەکان و دامەزراندنی سەنتەری عەشایەری و درێژەدان بە تەمەنی سەرکردەوحزب و گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی سیاسی ، ئابووری ، سەربازی ، ڕاگەیاندن لەوپێناوەدا و بۆ تێکشکاندنی هەمووئەوانەی جیاوازن و لەگەڵ خۆیاندا نین ، ئەمانە تێکڕا خەسڵەتی سیاسی هەردو حزبی ناوبراو بوون .
مێژووی پەنجاساڵەی پارتی و یەکێتی ، مێژووی تیرۆر و پیاوکوشتن و پاشقولگرتن و چاڵهەڵکەندن بووە بۆیەکتری...مێژووی نوچدان و کەوتن و شکستی سیاسی بوو، مێژووی بازرگانی و پارەپەیداکردن و چوونەباوەشی دوژمن بوو.....جارێ پێش هەموو شتێک پارتی و یەکێتی لەژیانی سیاسییاندا خاوەنی درووشمێکی ستراتیژی نەتەوەیی نەبوون و نەک هەرئەمە بەڵکوو لە ماناکەیشی نەگەیشتوون ، ڕۆژێک لەڕۆژان نەیانویراوە ڕووبەڕوو بە نەیارو ناحەزەکانیان بڵێن کوردستان لەلایەن زلهێزەکانەوە پارچەپارچە کراوە و هەر پارچەیەکی دراوە بە دەوڵەتێکی داگیرکەر ، لەبەرئەوە گەلی کورد هەقی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە ، نەیانوێراوە بڵێن کوردستانی عێراق لەساڵی 1921 دا بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە و بەشێک نییە لە عێراق ( من پێشتر سالێ 2004 وتارێکم لەسەر دەستوور و ساڵی 2005 وتارێکم لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق نووسیوە و ئاماژەم بەو خاڵە گرنگانە کردووە کە دەتوانرێ پشتی پێببەسترێ )
پارتی و یەکێتی لەپەنجا ساڵی رابوردوودا گەلی کوردیان بەرەو ئامانجێکی نادیار بردووە و بەزەییان بە خوێن و فرمێسک و ئارەقی خەڵیکدا نەهاتۆتەوە ، ئەوە تەنها کوردە کەگەورەترین گروپی خەڵکە لەسەر ڕووی زەوی و گەورەترین قوربانی داوە لەدژی داگیرکەرانی و نەیتوانیوە لەو ماوە دوورودرێژەدا( کەتەمەنێکە بۆ خۆی) ببێتە خاوەنی کیانێکی سیاسی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ، کامەیە ئەو گەلەی پەنجا ساڵ خەباتی کردبێ و خوێنیدابێ کەچی هێچی بەهیچ نەکردبێ لەکورد بەولاوە!!!!! میللەتانی دنیای وەکوو روس و چین و کوبا و ڤێتنام و کەمبۆدیا و جەزائیر و ......تاد هیچیان پەنجا ساڵ خەباتیان نەکرد ، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی سەرکردەی دڵسۆز و نەترس و ڕاستگۆ بوون ، توانیان بگەنە ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان ، ئەوانەی ئێمە لە ڕۆژی تەنگانەدا ، یەکەم وەجبەی خەڵکن کەڕادەکەن و لەسەر سنوورەکان خۆیان دەبیننەوە و بە میللەت دەڵێن قارەمان و خۆڕاگر و لە ڕۆژەکانی تریشدا وەکوو ئێستا ، ملهوڕ و دیکتاتۆرن و بەزۆر سواری ملی خەڵک دەبن!!!!! جگەلەوە پارتی و یەکێتی قەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە دەسەڵات تەسلیمی نوێنەرانی گەل بکەن و هیچ حسابیک بۆ نەوەی داهاتووی کورد ناکەن و دەیانەوێ منداڵ و نەوەکانی خۆیان بهێننە پێشەوە و دەوروتەسلیمیان لەگەڵدا بکەن بۆئەوەی ئەوانیش پەنجا ساڵی تر سواری سەری ئەو میللەتە ببن و بەئارەزووی خۆیان بازرگانییان پێوەبکەن و وەکوو پێشووتری خۆیان بکەن و یاری بەچارەبووسی ئەو گەلەوە بکەن ، بەمەرجێک ئەوان خۆیان و وەچەو نەوەکانیان هیچ کاتێک ئامادەنەبوون دڵۆپێک خوێن پێشکەشی گەلەکەیان بکەن !!! ، هەتا چەند ساڵیتر گەلی کورد بەبەریەوە ماوە لەم قەوارەیەدا بمێنێتەوە ؟!!!! سەرکردەی دوو حزب ئەئاوا ڕەفتاربکەن لەگەڵ گەلەکەیاندا ، چۆنچۆنی دەوێرن دەم لەمافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتی کوردییەوە بدەن !!!!!! ئەوەی سەیروسەمەرەیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی بەشانازییەوە لەڕێگای کەناڵە ئاسمانیەکانیانەوە شەو و ڕۆژ منەت بەسەر ئەو گەلە چەوساوەیەدا دەکەن و هەر شیڕەشیڕیانە و پڕبەدەم هاواردەکەن **ئێمە ئەم ڕۆژەمان دروستکرد ! ئێمە ئەم ڕۆژەمان دروستکرد !** ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر نەخشەو پیلانی خەلیجییەکان و ئەمەریکا نەبوایە ، ئەگەر لووتبەرزی و گەوجێتی سەددام حوسەین نەبوایە کە شەڕی ئێرانیان پێکردو دواییش کوێتیان پێداگیرکرد و کڵاویان لەسەرسەری دانا ،

ئەوا مەحاڵ بوو ڕژێمی بەغدا ئاوا بە ئاسانی کۆتایی بێت و چارەنووسی گەلەکەشمان نادیار دەبوو ! .
ئەگەر نەختێک بگەڕێینەوە بۆدواوە ، پارتی دیموکراتی کوردستان لە1961/09/11 دا دەستی دایە چەکهەڵگرتن دژی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و داوای جێبەجێکردنی مادە 3ی دەستووری کاتیی عێراقیان دەکرد کە شەریکایەتی کورد و عەرەبی پیشاندەدا و هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیان فێرکردبوو کەبڵێن مادە 3 مان گەرەکە!
دوابەدوای حوکمی عەبدولکەریم قاسم 3 جار کۆدەتای سەربازی روویداوە لە عێراقدا و بەوپێیە داخوازییەکانی کوردیش گۆڕانی بەسەرداهات ، لەپێشاندا بە لامەرکەزی دەستی پێکرد و دوایی بوو بە حوکمی زاتی و دوای ئەوە حوکمی زاتی ڕاستەقینە و ئێستایش کردوویانە بە فیدرالی کە بەناوەڕۆک زۆر کەمترە لە ئۆتۆنۆمی وڵاتێکی ئەوروپایی !!.
لەساڵی 1964 دا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە دوو کەرتەوە و مەلایی و جەلالی لێکەوتەوە کەهەتا ساڵی 1970 لەیەکتریان کوشت و هەرزان یارییان کرد بەخوێنی ئەو خەڵکە لە پێناوی دەسەڵات و پارەدا. ئەوە یەکەمجار بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا ، جەلالی و مەلایی ، نەریتی کورد کوشتن و چوونە پاڵ دوژمن دابهێنن لەسەر حسابی پرسی کورد ، ئەوان ڕژێم و دەزگای موخابەرات نەما تاقینەکەنەوە دژی یەکتر ، هەر لە بەغدا و موخابەراتی عێراقییەوە بیگرە تا ڕژێمی شا و ساواک ، کۆماری ئیسلامی و ئیتیلاعات ، تورکیا و میت ، سوریا و موخابەراتی سوری ، ئەوەندەی ئەوان لەخزمەتی ئەم ڕژێمانەدا بوون ئەوەندە لە خزمەتی گەلەکەیاندا نەبوون ، رکابەرایەتی و قینی ئەستووری خێڵەکی ئەم دوولایە گەپشتبوە ئاستێک ، ئامادە نەبوون دەست بخەنە دەستی یەک و لای دوژمنەکەیان هەڵدەبژارد بۆ قەڵاچۆکردن و قاتوقڕکردنی کورد .
جەلالی و مەلایی(پارتی و یەکێتی) ، لەوەتی دروستبوون هەر ئاژاوەگێر و شەڕخواز بوون و بەوهۆیەوە درێژەیان بە ژیانی سیاسی خۆیان داوە ، ئەگەر شەڕوئاژاوە نەبوایە ، ئەوان لاشەیەکی مردوو بوون لە گۆرەپانی سیاسیدا ، ئێستایش کە بێدەنگییان لێکردوە لەئازایەتی خۆیان نییە ، نەخێر لەبەر چاوی نێودەوڵەتییە !!! .
هەریەک لەودوانە شەر نەما نەیکەن لە کوردستان و ناوچەکەدا ، لەپێشاندا لەگەڵ حکومەتەکانی بەغدا ، دوایی لەگەڵ خۆیان و لایەنە کوردستانییەکانی تر ، پاشان لەگەڵ کۆمەڵە و حزبی دیموکراتی ئێران و پ ک ک ، تەنانەت نەیاندەزانی چۆنچۆنی مامەلەی دوژمنە سەرسەختەکەی گەلەکەمان ( بەعس) بکەن و لە سایکۆلۆجی ئەوان تێنەگەیشتبوون ، دەتگوت بۆ گەشتوسەیران چوونەتە ئەو شاخە ، بەهۆی تێنەگەیشتن لەسیاسەت و نەخویندنەوەی واقیعی خۆیان ، بەهۆی کەللە ڕەقی و لوتبەرزی خۆیانەوە ، ئەنفال و هەڵەبجە و گازی ژەهراوی بوو بە دیاری بۆ گەلەکەمان ئەمە جگە لە قاتوقڕکردنی 8000 هەزار بارزانی و خستنەوەی هەزاران بێوەژن و منداڵی بێباوک کەهەمووی لە ئەستۆی ئەواندایە ، لەناو بەرزانیەکاندا 3 کەسیان (لوقمان ، عونێدوللە ، سابیر ) لە بنە ماڵەی بارزانی بوون کە سەددام لە شاری بەغدا لەناویبردن ، بێگومان لەناوبردنی چەند هەزار کوردی فەیلی و ئاوارەو دەربەدەرکردنی دەیان هەزاری تر لەوان و کاول کردنی کوردستان هەموو لەئەستۆی ئەواندایە چونکە پارتی و یەکێتی تەنها شەڕیان کردووە لە پێناوی شەڕدا . جگەلەمانە ، لەکاتی کۆڕەوەکەی کورد کەهەموو دنیا پێیزانیو و بووە مانشێتی ڕۆژنامەکانی دنیا . حکومەتەکان و ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان هەر هەموویان دەنگیان خستە پاڵ دەنگی گەلەکەمان ، هونەرمەدە بەناوبانگەکانی جیهان کەوتنە گێرانی ئاهەنگ و پارەکۆکردنەوە بۆ کورد ، هەر ئەوکاتە بۆخۆی دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ کورد کە دەیتوانی پێدابگرێ ، بەڵام بەداخەوە لەوکاتە ناسکەدا سەرانی یەکێتی و پارتی ( مام جەلال و کاک مەسعود ) ڕایانکردە بەغداو لاجان و ڕوومەتی جەللادەکەی کورد سەددامیان ماچکرد و ئاپرووی کوردیان برد و گەورەترین زیانی سیاسی و مەعنەویان دا لە کێشەی کورد لە هەموو دنیادا و بە دەوڵەتان و میللەتانی دنیا و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیان

وت : وازمان لێبێنن ! ئێمە لەمە زیاترمان ناوێت ! . هەر ئەم دوانە لەجارێکیتردا بۆ ڕازیکردنی تورکەکان لەساڵی 1992 دا کەوتنە گیانی (پ ک ک) و دەتگوت بیتاقەیان بۆدەرچووە و هەمووو دنیا هی خۆیانە ، ئەمە لەکاتێکدا چ ئەوسا و چ ئێستا عەبدوللە ئۆج ئالان و ( پ ک ک) ناکۆکی سەرەکی نەبوون و نابن و دەبێ لەو ڕاستییە تێبگەن . ساڵی 1993 پەلاماری بزووتنەوەی ئیسلامیان داو چیان لەدەستهات بەرامبەری ئەوان کردیان ، لەساڵی 1994 دا ئەمجارەیان پارتی و یەکێتی خۆیان کەتنە گیانی یەکتر لەسەر باج و گومرگەکەی ئیبراهیم خەلیل و شەڕێکی خوێناوی دڕندانەی چەند ساڵەیان بەرپاکرد کەباجەکەی هەزاران ڕۆڵەی ئەو میللەتە بوو ، ئەگەر ئەمەریکا نەکەوتایەتە بەینەوە و شەڕەکەی پێرانەگرتنایە لەساڵی 1997 دا ، ئاوا لەوانە بوو زوو کۆتایی نەیەت ، لەوکاتەدا بۆ یەکەم جار پاش 19 ساڵ سەردانی کوردستانم کردەوە کە چوار ڕۆژ بوو شەڕەکە دەستپێکردبوو ، بە گوێی خۆم گوێم لە ڕادیۆی هەردولابوو کە چۆن بە شێوەیەکی قیزەون و ناشیرین سوکایەتیان بەیەکتر دەکرد ، کار گەیشتبوە قسەوتن بە ناوگەلی ژنی سەرکردەکانی هەردوولایان . لەوکاتەدا یەکێتی لەخۆی بایی بوبو ، تەنگی بە پارتی هەڵچنیبوو ، تەنگەتاوی کردبوو ، کار گەیشتە ئەوەی مام جەلال بە کاک مەسعود بارزانی بڵێ : چاوت بە هەولێر ناکەوێتەوە ! مەگەر بە دوربین سەیری هەولێر بکەیت ! ، ئەمە وای لەبارتی کرد لە داخاندا و لە رقی یەکێتی پەنا بەرێتە بەر سەددام و سوپای عێراق ، کە ئەنجامەکەی گێرانەوەی هەولێر بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی پارتی ، بێگومان تیشکی سەوزی ئەمەریکا 31 ی ئابی 1996 ی دروستکرد و یەکێتییان ڕاونا تا سەر سنوورەکانی ئێران . لە ڕا ستیدا دوای ئەو ڕوداوە ، ڕێکخراوەکانی یەکێتی لەدەرەوەی وڵات داوای هەڵوێستیان لەخەڵکی دەکرد و لە جارێکیاندا من ئەمەی خوارەوەم وت :

یەکێتی هێزی پاسداری هێناوە بۆ ناوچەکانی کۆیەو هەولێر و پارتیش لەلای خۆیەوە سوپای تورکی هێناوەتە ناوەوە و چەندوەختە شەڕو هەڵایە و هەرلایە خۆی بەکەڵەگا دەزانی لە کوردستاندا و ئەمەریکایان بیرچۆتەوە کە بەرپرسە لەو بارودۆخە و خۆی خاوەنی بریارە.

ئێستا لە 31 ی ئابدا سوپای عێراق لەبەر چاوی کاڵی مەسعود بارزانی نەهاتۆتە ناوەوە و ئەمە بۆ ڕاگرتنی تەرازووی هێزە لەکوردستاندا و ماناکەی ئەمەی خوارەوەیە :

**ئێران برۆ دەرەوە لە کوردستان ، یەکێتی تۆش عاقڵ بە !** ئیتر پێویست ناکات کەس لەتەلی عاتیفەی کەس بدات ! پرۆن فێری سیاسەت بن چونکە ئێوە قەت سنووری خۆتان نەزانیوە ! .

لە 9ی ئاپریلی ساڵی 2003 دا حوکمی ئاگروئاسن و دیکتاتۆری سەددام کۆتاییهات، ئەمجارەیشیان هەلێکی زێرین بۆ پارتی و یەکێتی هەڵکەوت کە پێش چوونە ناوەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ناو کەرکوک و ناوچەکانی تر ، گوتاری سیاسی خۆیان یەکخەن و چی باشە بیکەن بۆ کورد و هەقی بەرەودوا بکەنەوە و هەتا سنووری کوردستان – شاخەکانی حەمرین- نەوەستنەوە و هەمو ئەو ناوچانە ڕزگاربکەن . کەچی مەخابن هەردولا لەژێر چەتری شەڕە پەڕۆدا ئابڕووی کوردیان بردو بەهۆی رکابەرایەتی و بیری خێڵەکییەوە ، عەرەبە هاوردە و ڕاکردووەکانیشیان گێرایەوە بۆ کەرکوک و دەستی ڕێزوحورمەتیان خستنە سەر و ئەوانیشیان فێری پەڕۆ و کاغەزی سەوز و زەرد کرد ، جگەلەوە هاتن وەکوو سواڵکەر پەلاماری بانکەکانیان داو و گوێنیان پردەکرد لە دیناری شڕ و بێنرخ ، هەروەها کەوتنە کۆکردنەوەو بارکردنی شتی بەنرخ و ئاوەدیوی ئێرانیان کرد . کەئەمەریکا ویەکێتی ئەروپا و ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرەکانی دنیا ئەم دیمەنەی کوردیان بینی ئیتر تێگەیشتن ئەوان (پارتی ویەکێتی ) چییان دەوێت !!!.

لێرەوە ڕەوشەنبیرو سیاسەتزانی کورد دەتوانی ئەوان بخوێنێتەوە و لەوە تێبگات کە بۆچی کەرکوک و ناوچەداپراوەکانی کوردستان کراونەتە مادەیەکی دەستوری ، لەپێشاندا مادەی

58  و دوایی مادەی 140 کە جێبەجێکردنیان لەم ساڵانەی بێشوودا وەکو خەو و خەیاڵی لێهاتبوو . بابزانین ئەمجارەیان چۆندەبێ ! .
لەماوەی 18 ساڵی ڕابوردوودا ، بەهۆی سیاسەتی پەنجا بە پەنجاوە کە دوو ئیدارە ، دوو حکومەت ، دوو دەسەڵاتی لێکەوتۆتەوە ، بەهەردولایان ماڵی کوردیان وێرانکردووە و نەیانتوانیوە بەشێکی زۆر کەم نەبێت لە پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکەن و هەرخەریکی قۆرخکردنی دەسەلات و گیرفانپڕکردن بوون ، سیستم لەکوردستاندا سیستمێکی ئەرستۆکرات ، بیرۆکرات ، تازەدەوڵەمەندە کە توێژێکی تایبەت دەگرێتەوە و فڕی بەسەر سیستمی دیموکرات و شەفافەوە نییە ، هەتا ئێستاێش هەردو پارتی و یەکێتی لەژێر چەتری هاوپەیمانیەتیدا بەردەوامن لەسەر پاشقولگرتن و چاڵهەڵکەندن بۆ یەکتری و پشتی یەکتری شکاندن لەسەر حسابی مەسەلە نەتەوەیی و کوردستانی و چارەنوسسازەکانی گەلەکەمان( ئابڵوقەدانی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەهەولێر نموونەیەکە) .
ئەوان جگەلەوەی خاوەنی ستراتیژێکی نەتەوەیی نەبوون و نازانن بەرەو کوێ ملدەنێن ، بەرنامەیەکی تۆکمە و کاراشیان نەبوە کە پەوەردەی سیاسی لەسەر بنیات بنرێ و نوخبەی سیاسی لێبەرهەم بهێنن و سەرکردەی پاشەڕۆژیان لێدروستبکەن ، ئەوان نەیانویستووە کەسێک لەڕیزەکانیاندا پەیدا ببێت کێبرکێ بکات لەگەڵیانداو شانبدات لەشانیان ، ئەگەر پەیداشبووبێ ئەوا ئابلوقە دراوە و کەوتۆتە بەر هەڕەشە و هێرش و سووکایەتیپێکردن و تانەوتەشەر ، ( لەناو پارتیدا سامی عەبدولرەحمان و لەناو یەکێتیشدا نەوشیروان مستەفا دوو نموونەن ) .

## دەربارەی ئازادییە دیموکراتییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان

ئازادی کەداوایەکی شارستانییە ، مانایەکی فراوانی هەیە و کایەکانی ژیان هەمووی دەگرێتەوە ، لابردنی سانسور و لە فیلتەرردان لەسەر جوڵەو چالاکییەکانی تاک لە کۆمەڵدا دەچێتە خانەی ئازادییەوە کە بەپێی یاسایەک ڕێکدەخرێت . ئازادی ڕادەربڕین و هەڵوێستوەرگرتن بە شێوازی قسەکردن ، نووسین ، کاری هونەری ، خۆڕێکخستن ، خۆپیشاندان ، مانگرتن......تاد بەشێکن لەو .
لەم سەردەمەدا بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵ و ئاڵۆزبوونی باری ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە ، تاک لەکۆمەڵدا پێویستی بە کۆمەک و هاوکاری ئەندامانی تری ناو کۆمەڵ هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چونکە بەبێ ئەوانیتر هیچ بە هیچ ناکات بەتایبەتی ئەگەر باس لە ئازادییە سیاسییەکان بکرێت کەبەهۆیەوەگۆڕانی گەورە گەورە ڕوودەدات و کار دەگاتە ڕاپەڕین و شۆڕش .
لەمادە 19 ی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا جەخت لەسەر مافی ئازادی ڕادەربڕین کراوە ، دواتریش سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان مشتومڕی خۆیان لەسەریاسای ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا کردووە و پشتگیری خۆیان یشانداوە لەیاساکەدا کە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کراوە و پەسەند کراوە ، کەچی لەمەیدانی کارکردن و جێبەجێکردندا یاساکە هەردو قاچی شکێنراوە و کاری پێناکرێ ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی لەهەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و چاوترساندن و سنوردارکردنی کاری ڕۆژنامەگەریدان ، بۆ نمونە ڕۆژی 2009/10/29 لەهەولێر هەڵیانکوتایە سەر نووسەری ناسراو نەبەز گۆران و بەئارەزوی خۆیان دایانپڵۆسی و لە چەندلایەکەوە بریندارایانکرد و لەهەوڵی تیرۆرکردنیدا بوون ، پێشتر سۆرانی مامە حەمەیان لەبەر ماڵەکەی خۆیدا کوشت لەکەرکوک و پارتی ویەکێتی خۆیانی لێگێلدەکەن و بەلایدا ناچن.
دواتریش هەوڵی تیرۆرکردنی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ئەحمەد میرە یان دا و لەجارێکیتردا سوران عبدولقادریان فڕاند و لە کەرکوک فڕێیاندا و ڕۆژی 2009/12/25 ڕەئوف

قادر ناسراو بە ڕەئوف زەرایەنی لەبەر ماڵەکەی خۆی لە هەڵەبجەی نوێ تیرۆر کرا  و رۆژی 28/27 – 2009/12 تەقە لە بورهان ڕەمەزان دەکرێت و شەوی 2009/12/30 نوسینگەی ئەندام پەرلەمانی کوردستان خاتو سیوەیل عوسمان ئەحمەد دەسوتێنرێت لەگەڵ دەیان ڕوداوی تری لەم بابەتە ، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆری گیراو لە هاوڵاتیان کە چەند ساڵێکە لەژوورەوەن و دادگایی نەکراون .
لێرەدا پرسیارێک ڕوبەڕووی سەرۆکایەتی هەرێم ، حکومەتی هەرێم ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ، دەزگاکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەبێتەوە دەربارەی ئەم کارە چەپەڵ و تیرۆریستانەیە کە ڕۆژانە ڕوبەڕووی خەلکی کوردستان دەبێتەوە و نائارامی لەگەڵ خۆی دەهێنێ . پرسیارەکە داوای هەڵوێستوەرگرتن دەکات بەکردار کە سەرۆکایەتی هەرێم و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و حکومەتی هەرێم پێیهەڵسن بۆئەوەی تاوانبارەکان بەرەورووی دادگا ببنەوە و بەسزای خۆیان بگەن و سنوورێکیش دابنێن بۆ هەموو کارێکی ناڕەوا لەدژی هاوڵاتیان . هەڵبەتە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لە ڕۆژی 2010/01/10 دا و دەرکردنی جەند بریارێک لەسەر شاڵاوی ڕاگەیاندن و توندوتیژی و گێڕانەوەی خەڵکی دەرکراو بۆ سەر کارەکانیان و هەندێکی تر هەنگاوێکی باشبوو ، بەڵام خەڵک ئەنجامی دیار و باشی دەوێ، قسەکردن ئاسانەو هیچی تێناچێ ، بەڵام جێبەجێکردنی گرنگە ! .
یەکێتی و پارتی تووشی ململانێ و قەیرانێکی سیاسی بوون سەبارەت بەمانەوەیان لەڕابوردوودا ، واتە( پەیڕەویکردنی سیاسەتە سەقەتو بێکەڵکەکەی دەیان ساڵی ڕابوردوو) ، هەروەها قەبوڵکردنی داهاتو ، واتە( سیاسەتی هاوچەرخی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام) ، ئەوان سەریان لێتێکچووە و نازانن کاملایان هەڵبژێرن و لەنێوان بەڵێن و پاشگەزبوونەوەدا گیریان خواردووە و نازانن چۆنچۆنی خەڵک ڕازیبکەن!! . لەلایەک بانگەشەی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکەن ،  لەلایەکی ترەوە بەردەوامن لە دەستوەردانە دەسەڵاتەکانی یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری ، زانکۆ و پەروەردە ، بازاڕی ئابوری و ....تاد ئەوان سەرچاوەی گەندەڵین و هەموو شتێکی خراپ لەوانەوە داکەوتووە و شوێنەکانی تری گرتۆتەوە لەناو حکومەتو حزبدا  لەسەرانسەری کوردستاندا .
ڕۆژی 2009/07/25 باشووری کوردستان گۆڕانێکی گەورەی بە خۆوە بینی و لیستی گۆڕان کەلەهەناوی بزوتنەوەی گۆڕاندا سەریهەڵدا توانی 25 کورسی پەرلەمان بەدەستبێنێ و هەلێکی باش ڕەخسێنێ بۆ پارتی و یەکێتی کەبەخۆیاندا بچنەوە و قەبووڵی هەلومەرجی نوێ بکەن و دەستهەڵگرن لە سیاسەتی ڕابوردوویان و دەست بخەنە دەستی لیستی گۆڕان و لایەنە سیاسییەکانی تری وەکوو یەکگرتوو و کۆمەلی ئیسلامی و هەوڵبدەن پێکەوە بەرنامەیەکی سیاسی نوێ داڕێژن بۆ داهاتوو و کاری لەسەربکەن و پەرلەمانی کوردستان کاراو چالاک بکەن بۆئەوەی لەدوای هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقەوە بە یەک گیان و بەیەک گوتار رووبکەنە بەغداو ئەوەبکەن کەلەتوانادایە بکرێ و ئەوە ڕزگاربکەن کە دەتوانرێ ڕزگار بکرێ ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ، هەردولا لەهەولی ئەوەدان پاشەکشە بە گۆڕان بکەن و تەنگەتاوی بکەن بۆئەوەی نەبیتە خاوەن پێگەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چونکە دەزانن باشترین هێزی جەماوەرییە بۆبەگژاچوونەوەی ناهەقی وگەندەڵی ئەوان و خەڵکی کوردستان هیوای زۆریان لەسەر هەڵچنیوە ، ئەمە جگەلەوەی گۆڕان بۆخۆیشی ئامادە نییە ببێتە بەشێک لە سیاسەتی ئەوان یاخود پاشکۆ و کلک .
پارتی و یەکێتی دەبێ سوود لە دەرفەت و کات وەربگرن و بە جدی کاربکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی و بە ئاشتی پێکەوەژیان و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکرات و تەندروست و گەشەکردو و هاوپەیمانێتی ستراتیژی خۆیان بەکار نەهێنن بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی و پشت نەکەنە میللەت ، دەبێ واقیعی ئەمڕۆ بەباشی بخوێننەوە و لەهەولی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدابن کە ساڵانێکی

دوورودرێژە دروستیان کردووە و تیایدا دەخولێنەوە . بۆخوێندنەوەی واقیعەکە دەبێ لەپێشاندا لەڕەخنەی خەڵک بترسن و حسابی بۆبکەن ، نەک خەڵک تاوانباربکەن و دواتریش ڕەخنە و ڕەخنەگر سەربەرەوخوار هەڵواسن !!! ، دیسان دەبێ لەدڵەوە ددان بنێن بە هێزی ئۆپۆزسیۆندا و باوەشی بۆبگرنەوەو لێوەی فێربن کە لە بزوتنەوەی گۆران و یەکگرتو و کۆمەڵی ئیسلامیدا خۆیدەنوێنێ و بۆتە دیاردەیەک و خۆی فەرز کردووە لە گۆڕەپانەکەدا تا لەوریگەیەوە برینەکان سارێژبکەن و بۆشاییە سیاسییەکە پڕبکەنەوە و داهاتو و پاشەڕۆژی کورد تێبگەن و ببینن ، ئەوان دەبێ لەو ڕاستییە بگەن کە ئۆپۆزسیۆن لەهەموو وڵاتێکی دنیادا نایەت بە شانوباڵی دەسەڵاتدا هەڵبدات ، ئەگەر ئەمەی کرد ئەوا دەبێتە بەشێک لەدەسەڵات و نرخی سیاسی خۆی لەدەست دەدات، ئیشی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە بەبێ ترس و سڵەمینەوە خواروخێچییەکانی دەسەڵات دەستنیشان بکات کار بۆ خواستەکانی میللەت و جەماوەر بکات و شانبەشانی ئەوان لەهەوڵوتەقەلایەکی بێوچاندابێت بۆ چەسپاندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی ، ئازادی ودیموکراتی ، پێشخستنی کۆمەلگا لە کایەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و ڕیسواکردنی گەندەڵ و گەندەڵخوازەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە لەڕێگەی جیاکردنەوەی حزب لە حکوموت ، دەستوەرنەدان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری، ڕێگەگرتن لە حزبەکان سامان و داهاتی میللەت قۆرخبکەن و بەفیڕۆیبدەن ...تاد .

دەبێ پارتی و یەکێتی لەو راستییە بگەن کە گۆران هێزێکی سەر بە دوژمن نییە و نابێ حسابی دوژمنی بۆبکرێت و لەخانەی ناکۆکی سەرەکیدا دابنرێت و ململانێی دوژمنانەی لەگەڵدا بکرێت ، سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و حزبەکانیتر ، وەها سیاسەتیان کرد لە 45 ساڵی ڕابوردوودا ، بۆیە حاڵی ئەوان و میللەت زۆر خۆشە و هەڕۆژەی دەلاقەیەکی سیاسیمان تێدەکەوێت ، ئەوان بەهیچ جۆرێک لەمەسەلەی ململانێ (الصراع) ناکۆکی (الخلافات) یەکگرتن (الاتحاد) کەئەلفبای سیاسەتە نەگەیشتبوون ، ئەگەر تێنگەیشتنایە ئەوا دەیانهەزار ڕۆڵەی ئەو میللەتە بە خۆڕایی تتیانەدەچوون و دنیا دنیایەکی تر دەبووا!!!!.

ناکۆکی سەرەکی لەکۆنەوە هەتا ئێستا ، تەنهاو تەنها داگیرکەرانی کوردستان بووە و دەبێ ، پێویستە ئەمەبکرێتە ستراتیژی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و گۆرانی تێدا نەکرێت و نابێ هەرجارەی لایەنێکی کوردستانی بکرێتە ناکۆکی سەرەکی . شەڕو پێکدادانەکانی ڕابوردوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵە ، پ ک ک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور ، ئەمڕۆش خۆگێڤکردنەوە لە گۆران ، هیچیان خزمەتی مەسەلە کوردستانییەکانی ئێمەناکات و تەنها دوژمنانی کورد و کوردستان سوودی لێوەردەگرن .

خەبات و تێکۆشانی شارستانی و هاوچەرخ وادەخوازێ کە پارتی و یەکێتی فێری دیالۆگ و وشەگۆڕینەوە و لەیەکتریگەیشتن ببن و دانەبەزنە ئاستێکی سیاسی نزم و وەکوو منداڵەورتکە قسەی تاڵوتفت و بێتام نەبەخشنەوە و ڕاگەیاندنەکانی پێوە خەرێکنەن و کەسانێک نەهێننە مەیدان کە کەس نازانێ پاشکۆی سیاسیان چییە .

ئەوەی مام جەلال هەڵیرشت لە پلێنیۆمەکەی رۆژی 2009/10/29 دا دژی نەوشیروان مستەفا کە هاوڕێیەکی کۆنی تێکۆشانی خۆیەتی و دەیان ساڵ پێکەوە کاری سیاسیان کردووە ..... کارێکی هەتابڵێیت ناشیرین ، نابەجێ ، ناجوامێرانە بوو ، لەوەزیاتر کە خەڵکی تووڕەکرد هیچی لێسەوز نەبوو ، مام جەلال وەکوو کارەپیشەییەکانی ، ئەگەر کەسێکی بەدڵ نەبوو یان لەگەڵ ئەودا جیاواز بوو یاخود لێی جیابوەوە وەکوو ئێستای نەوشیروان مستەفا ، یاخود هەلومەرجی سیاسی لەبەرژەوەندی ئەودا نەبێ ئەوا پەنادەباتە بەر ڕکابەرایەتی و هێرشکردن و هەڵرشتنی تومەتی سیاسی ، ئەخلاقی ، کۆمەڵایەتی و لەتامیشی دەردەکات کەزۆر چاک لەسەری دەکەوێت و خۆی پێدەشکێ لەناو خەڵکدا . مەلا بەختیار نموونەیەکی تری ساڵی هەشتاکانە کە چەند ساڵێک لەزینداندا توندیان کرد و بەرائەتیان پێدا و لە کوردستان و هەموو ئەوروپا بڵاویانکردەوە و

سووکایەتی زۆریان پێکرد و خەریک بوو لەناویبەرن !!! . من نەمبیستووە ناوبراو لەسەر دزی و پیاوکوشتن گیرابێ و سوکایەتی پێکرابێ .
لێرەدا نامەوێ دەقی وتارەکەو ئەو تومەتانەی مامجەلال هەڵێرشتن و خستنیە پاڵ نەوشیروان مستەفا ، جارێکیتر دووپات بکەمەوە چونکە زۆری لەسەر نووسراوە جگەلەوەی نەوشیروان مستەفا خۆیشی وەڵامی داوەتەوە .
بەکورتییەکەی مامجەلال و کوردستانی نوێ و تەلەفیزیۆنەکانی یەکێتی ، بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی پارتی ، زیاد لە پێویست خۆیان خەریککردووە بە لیستی گۆڕانەوە و ئەمەیان کردۆتە کاری ڕۆژانە و هەندێجار لاسایی ڕژێمە دیکتاتۆرە کۆنەکانی بەغدا دەکەنەوە بەتایبەتی ( بەعس ) و لەهەرجارێکدا چەند دەموچاوێک نیشاندەدەن ، گوایا ڕیزەکانی دوژمنیان جێهێشتووە و هاتوونەتەوە بۆناو ڕیزی نیشتمانی!!.....ئەم کارە ئەگەر هیچ نەگەیەنێ ، ئیفلاسی سیاسی دەگەیەنێ چونکە شتی زۆری لەوە گرنگتر هەیە کە بیکەن و خۆیانی پێوەخەریکبکەن .
نەوشیروان مستەفا سەرۆک هۆز و عەشیرەت نییە ، خەریکی جاش قەیدکردن نییە ، ئەو فەوجی خەفیفەی دروستنەکردووە دژی یەکێتی نیشتمانی و بەرەی گەل ، مووچە لەناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمان وەرناگرێ ، ئەو نەهاتووە کۆدەتای سەربازی بکات بەسەر پارتی و یەکێتیدا و بیری لەپەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەک نەکردۆتەوە تالەوڕێگەیەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی بسێنێتەوە ، نەچوە خۆی بە دەوڵەتێکی ئیقلیمی دوژمن بەگەلەکەمان بفرۆشێ و پارەوپول و چەک لەوان وەربگرێت و هێزی سەربازی ئەوان بێنێتە ناو خاکی کوردستانەوە و خوێنی خەڵک بە هەوانتە بڕێژێ وەکو پارتی و یەکێتی لەوەوپێش کردیان .  هەموو ئەوانەی لە بزوتنەوەی گۆڕاندا کۆبوونەتەوە خۆبەخشانە کاردەکەن و زۆربەشیان لەبەر خاتری چاوی کاڵی نەوشیروان مبستەفا نییە کە لە بزوتنەوەی گۆڕان ئاڵاون . نەخێر ، لەمێژەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئەمڕۆ سیستمێکی ئیداری و سیاسی بۆگەن و گەندەڵ هەیە لە سەرانسەری کوردستاندا و پارتی و یەکێتی درووستیانکردووە و دەیبەن بەڕێگاوە و لێی بەرپرسن و جەماوەری گەلەکەمان  ( قەڵەم فرۆش و مشەخۆر و داخلەدڵ و هەلپەرست و ملهوور و گەندەڵەکانی ) لێدەرچێ هەر هەموو ئەوانیتر خەون دەبینن  کە گۆڕانکاری بکرێت لەسەرانسەری کوردستاندا و دەسەلات بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت .
پارتی و یەکێتی بەدرێژایی مێژووی سیاسی خۆیان بانگەشەی ئازادی و دیموکراتییان کردووە و فرمێسکی تیمساحیان هەڵڕشتووە بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئازادیخواز ، هەر لەژێر چەتری ئازادیدا سەری هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتەیان خوارد ، شەڕی ناوخۆی کوردیان هەڵگیرساند ، چەندجارێک لەشکری داگیرکەریان هێناوەتە خاکی کوردستانەوە لەدژی یەکتر و لەخۆشیاندا سەمایان بۆ کردووە و سازشیان کردووە لەگەڵیاندا لەسەر حسابی پرسی کوردو لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا و بەم شیوەیە گەورەترین گورزیان وەشاند لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و نیو سەدەگێراویانەتەوە بۆدواوە .
من بەشبەحاڵی خۆم هەتا ئێستایش پروام نییە ئازادی هەبێت لەکوردستاندا ، ئەگەر هەیشبێ ،   ئازادییەکی سەروگوێلاک شکاو و قاچ شکاوە و لەئاستی خواستەکانی جەماوەردا نییە ، بۆنموونە پارتی و یەکێتی دوو سەرکردەیان هەیە ، (مامجەلال و کاک مەسعود) ، هەیەکەیان چەند هەزار پاسەوان ( حیمایە ) یان بەدواوەیە ، ڕووبکەنە هەر جێگایەک ، کۆڵان و جادە و ڕێگاوبان و داروبەدی ئەو ناوە هەمووی دەگیرێ و دەڵێی جەجاڵ هەڵساوە!!! ، هیچ سەرۆک کۆمارێکی دیکتاتۆری ئەم سەردەمە وەکو ئەوان ناکات ، نەمبیستووە کەسێک ، هاوڵاتییەک ،   مامجەلال یان کاک مەسعودی بینیبێت لای دوکاندارێک لە چێشتخانەیەک لەجادەو کۆڵانێکی ناوشار بە خۆیان و دوسێ پاسەوانەوە ، ساڵی رابوردوو کە خولی پەرلەمان کرایەوە و کاک مەسعود چوو بۆ ئەوێ و وتاری خۆی

خوێندەوە ، چەکدارەکانی ئەو سەربان و بنبان و حەوش و دەورووپشتی پەرلەمانیان داگیرکرد و ئازادی و دیموکراتیش دایانە پرمەی پێکەنین!!!!!! .
لەپاڵ هەزاران حیمایە کەبەدوای ئەوانەوەیە ، تەنها شەخسی مامجالال بەدەیان یاریدەدەر بۆ کاری هەمەچەشنە ، دەیان نوێنەرلە شاروشارۆچکەکانی کوردستان بۆ کارە شەخسییەکانی ئەو و بەربوونە گیانی خەڵکیی ، دەیان ڕاوێژکار کەزۆربەیان لە ئیشی سەرپێیی و بەردەستی و سەرپەرشتی کۆشک و شوێنی حەوانەوەی ئەو بەولاوە هیچ کارێکی تریان نییە!!! ، ئەمانە تێکڕا بودجەیەکی مانگانەیان بۆ تەرخانکراوە کە هەمووی پارەی ئارەق و فرمێسکی خەڵکی کوردستانە ، پارە و قووتی هەزاران خەڵکی هەژارو لێقەوماوی ئەو میللەتەیە کە هەتا ئیستایش دەناڵێنن بەدەست هەژارییەوە ئەم پارەیە بەشی دروستکردنی دەیان قوتابخانەو کلینیکی تەندروستی و جادەو شەقام دەکات لە کوردستاندا سەدان خێزان ڕزگاردەکات لە برسێتی . (( واخەریکە ئازادی و دیموکراتی دێنە زوبان ، چونکە جامەکە پڕبووە و لێیدەڕژێ)) .
بەهۆی ئەوەی پرۆسەی ئازادی و دیموکراتی لەکوردستاندا هێشتا ڕەگوریشەی دانەکوتاوە و لە قۆناخی یەکەمیدایە و پێویستی بەوەیە پشتگیری لێبکرێ بۆئەوەی مەرجەکانی گەشەکردن و بۆپێشەوەچوون لەخۆ بگرێ ، دەکرێ پارتی و یەکێتی لەوپێناوەدا هەنگاوی لەباروبەجێ بنێن بۆئەوەی ئەوانیش بێنە ناو پرۆسەکەوە و بۆپێشەوەی بەرن .
مەبەست لە هەنگاوەکان ئەمانەی لای خوارەوەن :
*جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت بخرێتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە و هەر قسە نەبێت ، هەروەها پارتی و یەکێتی ناچاربکرێت دەست وەرنەدەنە کاروباری سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری، جگەلەوە تەواو ڕووتبکرێنەوە لە میلیشیای چەکدار .
*هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەی کرابێت بە دوو ئیدارە، دوو وەزارەت ، دوو میزانیە .
* ڕووخاندنی حکومەتی پشتی پەردە کەدواتر دێمە سەر باسکردنی ، هاتنەدەرەوە لە ژوورە تاریکەکان ، ڕوون و ئاشکرا قسەکردن بۆ میللەت بەبێ پێچوپەناو ئەملاولا .
*دابەشکردنی سەروەت و سامانی میللەت بەسەر هاوڵاتیاندا بەشێوەیەکی یەکسان و بە بێ پێچوپەنا لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە بەبێ دەستێوەردانی حزبەکان . ئەگەر حزبەکان سووربوون لەسەر بەتالانبردنی سامانی میللەت ، ئەوا پێویستە گەلی کورد قسەی خۆی هەبێ و ئەمە قەبووڵ نەکات ، دیسان پێویستە حکومەتی مەرکەزی لەبەغدا ، ئەمەریکا ، یەکێتی ئەوروپا ، ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان لەپێش هەموویانەوە سۆسیال ئینتەرناسیۆنال ئاگاداربکرێنەوە بۆ ئەم مەبەستە .
* هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی و وازهێنان لە گەلەکۆمە دژی ئەوانیتر .
*وازهێنان لە جاسوسیکردن بەسەر خەڵکی نیشتمانپەروەرەوە( کەئەمە پیشەی دیکتاتۆرو رەفتار فاشییەکانە) لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی هەردو دەزگای زانیاری و پاراستن و لەجێی ئەوە کارکردن بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا لەڕێگای بەهێزکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لابردنی سانسور و کۆنترۆڵ لەسەر ڕۆژنامەکان لە سنووری ئازادی رۆژنامەگەریدا و ڕاپێچکردنی ئەوانەی کاری تیرۆریستییان کردووە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بۆ بەردەمی دادگا و لەپاڵئەمەدا زەمینەخۆشکردن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی چوارەم کەمەبەست دەسەڵاتی ڕاگەیاندنە .

## دەربارەی هەڵبژاردنەکان و یاسای هەڵبژاردنەکان

ڕۆژی 2009/11/08 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی هەڵبژاردنی سەقەتی پەسەندکرد کە تیایدا بارودۆخێکی تایبەتی دایە کەرکوک لەگەڵ هەندێ کەموکوڕی تر کەلەیاساکەدا هاتبوو و پەیوەندی بە ژمارەی کورسی پارێزگاکان و ژمارەی کورسییە

قەرەبوکراوەکانەوە هەبوو . جارێ لەڕێوە سەرۆک کۆمار وەکوو هەموو جارێکیتر یاساکەی پەسەند کردو یەکەم کەسیش کەلەناو پەرلەماندا بەیساکەیدا هەڵدا و ستایشی کردو بەدەستکەوتێکی مەزنی دانا بۆ گەلی عێراق سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی دکتۆر فوئاد مەلا مەعسوم بوو . لەولاشەوە جێگری سەرۆک کۆمار تاریق ئەلهاشمی بە پێچەوانەی ئەوانیترەوە ، ڤیتۆی لە دژی یاساکە بەکارهێناو پەسەندی نەکرد .
ئەمە ئەگەر هیچ نەگەیەنێ ئەوە دەگەیەنی کە سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی و نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بێئاگابوون و خەویان لێکەوتبوو بەبەراورد لەگەڵ نوێنەرەکانی تردا ، بەتایبەتی عەرەبەکان و دەرکەوت کە زۆر لەدواوەن سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و بریاردان لەسەر یاساکان .
پاش مشتومڕ و قسەگۆرینەوە و جرتوفرتی لایەنەکان ، جارێکیتر لەشەوی یەکشەممە 2009/12/06 دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژەیاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەسەندکرد و بەپێی یاساکە ژمارەی کورسییەکان بووبە 325 کورسی ، لەوەش 15 کورسی بۆ قەرەبووکردنەوە بوو ، هەشتیان بۆ کەمینەکانی نێو عێراق ، ئەویتریشیان دابەشکرا بەسەر پارێزگاکاندا .
لەمجارەشیاندا هاوپەیمانی کوردستان نقەی لێوەنەهات و یاساکەی پەسەندکرد ، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی دەنگیان پێنەداو چوونەدەرەوە کەئەوە بۆخۆی هەنگاوێکی جوامێرانە بوو چونکە بەپێی ئەو یاسایە کەلەمادە 6 و برگەکانی ئەو مادەیەدا خۆی دەبینێتەوە ، چارەسەری کێشەی کەرکوک نەکراوەو گومان لەڕێژەی ڕاستەقینەی دەنگدەرانی کورد لەو شارەدا دەخاتە مەترسییەوە ، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم کەلیستی هاوپەیمانی کوردستان شکستێکی گەورەی هێنا لەکاتی دانانی ئەو یاسایەدا چونکە قەبوڵیکرد کەرکوک تایبەتمەندی پێبدرێت و وەکوو پارێزگایەکی گومانلێکراو بهێڵرێتەوە . ئەگەر لەداهاتوشدا کورد خۆی ئەکتەرێکی باشنەبێت لەم کێشەیەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆرشتی تریش لەکیسدەچێت و بەم ئەدائەی ئێستاوە ئایندەیەکی گەش چاوەروانیان ناکات .
جگەلەمانە بەهۆی ئەوەی هەتائێستا ئامارو سەرژمێرییەکی بێلایەنی ڕاستەقینە نەکراوەو ژمارەی دانیشتوانی عێراق پشت بە فۆرمی خۆراک دەبەستێت بۆ هەڵبژاردنەکان کە وەزارەتی پلاندانان پێیهەڵدەستێت و لەبەر ئەوەی سەرانی پارتی و یەکێتیش گوێیان نەداوەتێ و کاری جدییان بۆنەکردووە و هەرلەخەمی خۆیان و گیرفانی خۆیاندا بوون و بیریان لەداهاتوو نەکردۆتەوە ونەیانویستووە سەرئێشە بۆخۆیان درووستبکەن و ....و....
لەبەرئەوانە دەبینین بەئاشکرا گزیوفزی دەکەن لەئەنجومەنی نوێنەران و بەئارەزووی خۆیان ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان زیاد دەکەن و گوڵ لەدوای گوڵ لە نوێنەرانی ئێمەدەکەن لە بەغدا و یاسای خراپ بەسەریاندا تێدەپەڕێنن بەبێئەوەی نقەیان لێوەبێت و بیر لەبەدیل بکەنەوە بۆ شکستە سیاسییەکەیان .
لەدوای پەسەندکردنی یاساکە ڕۆژی 2010/03/06 دیاریکرا بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەرانسەری عێراقدا کەڕێکەوتی ڕێکەتننامەی شومی جەزائیر دەکات ، سەرۆک کۆمار بەبێ بیرکردنەوە لە ڕۆژەکە یاسا هەموارکراوەکەی ئیمزاکرد و کاتێک بەخۆیزانی بوو بە هەرا و دەنگەدەنگ و سەرۆکیان بەئاگا هێنایەوە ڕۆژەکەیان گۆری بۆ2010/03/07 . بەم بۆنەیەوە جارێکیتر دووپاتیدەکەمەوە کەسەرۆک ماندووە و پێویستی بە پشوودان هەیە .
من ساڵی 2005 ئەمەم بە مامجەلال وتووە .
ئێستا وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نزیک بۆتەوە و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان دەکەونە بەردەمی قۆناخێکی ناسک و هەستیار کە زۆر جیاوازترە لە هەڵبژاراردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لەمانگی تەممووزی ساڵی رابوردوودا ئەنجامدرا چونکە کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگی چارەنوسساز ، لەپێش هەموویانەوە کەرکوک و ناوچەداپڕاوەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و چارەسەرنەکراون و چاوەڕوانی بەلاداخستن دەکات کە نووێنەری ئازاو لەخۆبوردووی گەرەکە بچنە بەغداو ئەو

شەڕەبکەن لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی تردا . ئەگەر پارتی ویەکێتی بە بیرکردنەوەو عەقڵی سیاسی ڕابودوو کاربکەن ، وەکوو ناحەزودوژمن مامەڵەی گۆران و یەکگرتوو وکۆمەڵی ئیسلامی بکەن ، ئەوا ئەوان بیانەوێ و نەیانەوێ لەبەرەی میللەت دەچنەدەرەوە و دەکەونە بەرەی دژ بەمیللەت . دەبێ لەپێشاندا ئەوان لەو ڕاستییە بگەن کەکاری ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەگرتن و پەنجەڕاکێشانە بۆ هەڵە و کەموکوری و شتەناشیرینەکانی دەسەڵات ، کاری ئۆپۆزسیۆن ئەوەنییە بەجوانییەکانی پارتی و یەکێتیدا هەڵبدات ، ئەگەر وایکرد ئیتر ئۆپۆزسیۆن خۆی ناشیرین دەبێت و بێکار دەمێنێتەوە و کێشەو مەسەلە گرنگەکانیش بە راوەستاوی دەمێننەوە !! . دەبێ پارتی و یەکیتی سوپاس بکەن کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەکوردستاندا پەیدابووە و سەوداومالە نازانێ و سەرداناخات و دەیەوێ لە خزمەتی گەلەکەماندابێت ، بۆیە پێویستە پارتی و یەکێتی بەسنگێکی فراوانەوە، بەقەناعەتەوە باوەش بۆ هێزی ئۆپۆزسیۆن بگرنەوە و هاوکاری بکەن و هەمووولایەک بەپێی بەنامەیەکی سیاسی تۆکمە و هاوبەش کاربکەن و لەهەوڵی داڕشتنی گوتارێکی سیاسی کوردستانی نەگۆڕدابن و بەوگیانەوە بچنە بەغدا بۆ رووبەروو بوونەوەی لایەنەکانیتر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ، هەڵبەتە هەتا پارتی و یەکێتی ماڵی خۆیان ڕێکنەخەن لەگەڵ ئەوانیتردا و قەوارەی سیاسی خۆیان نەزانن ، ئەوا مەحالە بتوانن هەنگاوی ئیجابی بنێن بۆپێشەوە ، مەحاڵە سەرکەوتووبن لە ڕاکێشانی لایەنەکانیتر بۆ هاوکاری و کۆبوونەوە لەژێر یەک چەتری سیاسیدا . دەبێ لەپێشاندا دەلاقەو برینەکان سارێژبکەن ، بانگەشەی سیاسەتی دیموکراتی و بەئاشتیپێکەوەژیان بکەن ، پێک بێن لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی کە پەشیمانبوونەوە و پشقولگرتنی تێدا نەبێت ، تابلۆیەکی قەشەنگی ڕەنگین پێشکەشی جەماوەری گەلەکەمان بکەن کە داخلەدڵی و قین و تۆڵەسەندنەوەی تێدا نەبینرێ !!

پێویستە پارتی و یەکێتی خۆیان دوور ڕاگرن لە زوبانی زبرو سوکایەتیپێکردنی لایەنەکانیتر و ڕۆژانە هەلسەنگاندنی زانستانە بکەن بۆ کاروچالاکییەکانیان ، پەرلەمانی کوردستان ڕزگار بکەن لە ئیفلیجبوون و واز لە پرۆگرامکردن و قورمیشکردنی نوێنەرەکانیان بهێنن و بەڕێی خراپا نەیانبەن و فێریان بکەن کە کارەکان بەخێرایی ڕاپەڕێنن ( نەک کیسەڵ ئاسا کارەکان راپەڕێنرێ ) و بریار لەسەر ئەو پرۆژەیاسایانە بدەن کە خەڵک چاوەڕوانیدەکات و بەرژەوەندی گەل لەسەرو بەرژەوەندی حزبەوە دابنێن!! .

بەداخەوە دەڵیم هەتا ئیستا کارەکان بەپێچەوانەی ئەمانەوەیە ، بۆنموونە لەگەل دەست بەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان جارێ لەڕێوە سەرۆک و جێگرێک و سکرتێریکیان ئامادەکردبوو کە بەبێ هەڵبژاردن دەستیانکرد بە کارەکانیان و لەکۆی 19 لیژنە 15ی بەر کوردستانی کەوت و لێژنەی نەزاهەیان لە گۆران سەندەوە لەترسی ئەوەی نەوەک دەستەکەیان بکەوێتە روو و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ کێشەوگرفتەکان بەزەرەری پارتی و یەکێتی تەواو ببێت ، ئەوەش لەولاوە بوەستێت کە لەکوردستانێکی پر کێشە وگرفتدا ، پەرلەمانی کوردستان بریاری پشوودانی خۆی دا لە ڕۆژی 01/01 وە هەتا01 /2010/03 .

لەڕاستیدا کاری پەرلەمان باوەڕبەخشینە بە وەزیرەکان و باوەڕسەندنەوەیە لەوان ، لێکۆڵینەوەیە لە بودجەی ساڵانە لە قازانجی میللەت ، کارکردنە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ، ڕێگەگرتنە لەهەر ڕێکخراو و حزبێک کە بیەوێ دەستبخاتە کاروباریانەوە و بریارەکانی مەکتەبی سیاسی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن . بەلام بەداخەوە جارێ پێشکەوتنێکی گەورە نابینرێت .

لەکورستان جارێ هەنگاوی جدی و لەبار نەنراوە سەبارەت بە تەبایی و هاوکاری و داڕشتنی گوتاری سیاسی ، سیاسەتی پارتی و یەکێتی هەروەکوو خۆیەتی . ناکری لەکوردستان دوژمنایەتی گۆران بکرێت و لەبەغداش داوای هاوکاری لێبکرێت ، لە بەغدا داوا لە لایەنە عەرەبییەکان بکرێت پرنسیپی تەوافوق پەیرەوبکەن و پێدابگرن لە سەر

سیستمی دیموکراتی لەعێراقدا کەچی لەکوردستان نکولی لەمانە بکەن و گاڵتەیان پێبێت!! .
خەسڵەتێکی تری سیاسی ئەم دوو حزبە بەتایبەتی یەکێتی ئەوەیە کەخەڵک ڕادەکێشن بۆبازاڕی مەزادی عەلەنی و کڕینوفرۆشتنیان لەسەردەکەن ، پارەو چەکیان بەسەردا دەبەخشنەوەو خەڵاتیان دەکەن ( کەهەمووی سامانی میللەتە ) و بەڵێنی شتی زۆریان پێدەدەن و هانیان دەدەن ئاژاوە بنێنەوە و پێشێلکاری جۆراوجۆر بکەن و دواییش بزوتنەوەی گۆڕانی پێتاوانباردەکەن .
لەڕاستیدا ئەمە سیاسەت نیە بەڵکوو شەڕەگەڕەکە چونکە دەنگدەر ( بەوانەشەوە کە دەمیان چەور کراوە ) پێشینە بریاری خۆیداوە و دەزانێ دەنگ بە چ لایەک دەدات .
من نازانم پارتی و یەکێتی بەتەمای چین و چییاندەوێت ؟ ئەگەر پارەو دەسەڵاتیان دەوێت ئەوا بەشی ئەوان بە زیادەوە ماوە و گۆڕان نەهاتووە هیچی ئەوان زەوتبکات ، و ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بریاردەدات کێ سەرکردەو نوێنەریان بێت ، هەر ئەوانن بریار دەدەن دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی کێدا کۆببێتەوە. دنیای سیاسەت لە هیچ قوژبنێکی ئەم زەوییەدا وەکوو خۆی نەماوەتەوە و نامێنێتەوەو گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت و دەستاودەست دەکات . پێویستە پارتی و یەکێتی لەبازنەی عەقڵی سیاسی و حکومرانی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنەدەرەوە و لەسیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا و کەنەدا و ئوسترالیاو وڵاتانی تری سیستم دیموکرات شتێک فێربن و دەرس و پەندی لێوەرگرن و واز لە زوبانی گوللە و تۆقاندن بێنن و دەست بەرزبکەنەوە لەئاستی ڕاستییەکانداو لەگەڵ کاروانی خەباتی هاوچەرخدا مل بنێن و لەجیاتی لاپەڕەی ڕەش و شووم و خوێناوی ، لاپەڕەی سەروەری بۆخۆیان تۆمار بکەن ، ئەوان کۆمەڵگایەکی سەقەت و نەخۆشیان دروستکردووە کە پێویستە ڕزگاربکریت.
بەنیسبەتی پارتییەوە ، تێبینیدەکرێت گەمەیەکی دووفاقیدەکات و خۆی وانیشاندەدات کە هەقی گۆڕانی نییە و ململانێی لەگەڵدا ناکات ، لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی هەرێم هەتا ئەم دواییەش گوێی خۆی خەواندبوو لە کارە تیرۆریست و چەپەڵ و قیزەون وناجوامێرو تێکدەرانەکان دژی گۆڕانخوازەکان و خەڵکی بێتاوان و دواتریش پێیدادەگرت لەسەر هاوپەیمانێتی ستراتیژی خۆیان و یەکێتی ، ئەمە لەکاتێکدا ئەوان لە مێژەوە یەکێتی بە دۆڕاو دەزانن و زۆر گرەوی لەسەرناکەن چونکە دەزانن تووشی لێکترازان و پارچەپارچەبوون بووە و لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا بەرەڕووی شکستی سیاسی گەروەتر لەوەی پێشوو دەبنەوە .
بەکوردی و بەکورتی ئەگەر پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا وەکووئەوەی پەرلەمانی کوردستان بکەن و نەرم و لەسەرخۆ نەبن و دژی خواستەکانی خەڵک بن کە برێتییە لە ئازادی و دیموکراتی ، ئەوا بە دووری نازانم ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەرانی خۆیان و هاوڵاتیانی کوردستان پشتیان تێبکەن و دەنگەکانی خۆیان بدەن بە گۆڕان .

## دەربارەی کەرکوک و مەسەلە چارەنوسسازەکان

پێشەکی دەمەوێ بەوە دەسپێبکەم کە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان ، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توماس وودرۆ ویلسون 1913-1921 یەکەم کەس بوو کە زاراوەی مافی چارەی خۆنووسینی بەکارهێنا بۆ ئەو گەلانەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی جیاوازیان هەیە وەکوو خاک ، زوبان ، مێژوو ، فەرهەنگ ، کولتور و دابونەرێتی هاوبەش ، دیسان ئەو ناسراوە بە خاوەنی ( چواردە بەندەکەی ویلسون بۆ مەسەلەی ئاشتی ) ، هەر ئەو یەکەم کەس بوو کە کۆتری بە ڕەمزی ئاشتی دانا .
دوای ئەو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1945دا دانی ناوە بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی دنیادا و ئەوە ڕادەگەیەنێ کە هەموو گەل و نەتەوەیەک بۆی هەیە

بریاری چارەنووسی خۆی بدات و ئەو شێوە دەسەڵاتە هەڵبژێرێ بۆخۆی کە بۆی دەست دەدات بەبێ دەست تێوەردانی بێگانە و داواشدەکات کە هەموو دەوڵەتێک ڕێز لەم مافە بگرێت . هەر لەبەشێک لە دەسپێکی پەیمانەکەدا هاتووە :
ئێمە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەوە دەخەینە ئەستۆی خۆمان کەنەوەکانی داهاتوو بپارێزین لە کارەساتەکانی جەنگ کە ژان و ئێشەکانی جەرگبڕ و ناخۆشە و بێتاقەت دەبیت لە باسکردنیان . هەروەها پڕوای خۆمان دووپاتدەکەینەوەلەسەر مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و کەرامەتی تاک بەشێوەیەکی یەکسان بۆ ژنوپیاو و نەتەوەی گەورە و بچووک .
کارکردن بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی ڕێزگرتنی مرۆڤ و پێشخستنی باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیان لەهەلومەرجێکی ئازادا ، لەیەکتری خۆشبوون و پێکەوەژیان بەئاشتی بەبێ پەنابردنەبەربەکارهێنانی هێزی چەکدار ، هەروەها پەنابردنەبەرئامڕازە نێودەوڵەتییەکان بۆ پێشخستنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلان  ئەرکی ئێمەیە .
سەرکردە کلاسیکیەکانی کورد شێخ عوبێدوڵڵەی نەهری ، شێخ مەحمودی نەمر ، شێخ سەعیدی پیران ، قازی محەمەد لەخەبات و تێکۆشانی سەردەمی خۆیاندا داوای ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان کردووە بۆ گەلەکەیان و درووشمی حوکمی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیان بەرزنەکردۆتەوە ، ئەم درووشمانە لە دوای شەڕی دووەمی جیهان پەیدابوون وسەرکردە بۆرژوازییەکانی کورد قەبووڵیان کرد و کردیانە ماڵ بەسەر کوردەوە .
شێخ مەحمودی حەفید کە ساڵی 1919 لەشەڕی بازیاندا بەبریندارى دەست ئینگلیزەکان کەوت و درا بە دادگا ، شێرانە ڕوبەڕووی دادگا دەوەستێتەوە و تاوانبارپاندەکات بە داگیرکەر و شەڕخواز و باسی مەبدەئەکانی سەرۆکی ئەمەریکا ( ویلسون )یان بۆدەکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەباری ئاشتی جیهانەوە هەبوو ، هەروەها مافی ئەو نەتەوانەی کە تورک نەبوون و لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیادا بوون .
هەر لەوساڵەدا 1919 ژەنەڕاڵ شەریف پاشا بەشداریکرد لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و بیرخەرەوەیەکی پێشکەشکرد لەسەر پرسی کورد ، ساڵێک دوای ئەوە کوردو ئەرمەن بیرخەرەوەیەکیان دا بە دەوڵەتە سوێندخوارەکان کەئەنجامی ئەم دوو تەقەلایە مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر بوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد و ئەرمەن ، بەندەکانی 62، 63، 64 بەلگەی ئەو ڕاستییەن کە دواتر بە پیلانێکی نێودەوڵەتی نێوان تورکیا وبەریتانیا بەناوی کونگرەی لۆزان بۆ ئاشتی پووچەلکرایەوە و لەهەموو بەڵێنەکانی پێشوو پەشیمان بوونەوە.
کوردستان لە مێژووی خۆیدا دووجار دابەشبوونی بەخۆوە بینیوە ، یەکەمیان لەساڵی 1514 دا دوای ئەوەی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەردەکەوێت بەسەر هێزەکانی دەوڵەتی سەفەویدا لەشەڕی چاڵدێراندا و کوردیش دەبێتە قوربانی  ڕێککەوتنەکەی نێوانیان و بەر ئەو دابەشبوونە دەکەوێت .
دوووەمیان پەیماننامەی سایکس بیکۆ - یە لە نیوان فەرەنسا و بەریتانیادا لەساڵی 1916 دا کە بەوپێیە عێراق و فەلەستین بەر ئینگلیزەکان کەوت .
عێراق لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە سێ ولایەتی بەسرە ، بەغدا ، موسل پێکهاتبوو کە سێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازی لە خۆ گرتبوو ، شیعە ، سوننە ، کورد .
لە ساڵێ 1914 دا ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکرد و دوایی لەساڵی 1921 دا  پرۆژەی دامەزراندنی عێراقیان پەسەند کرد بەبێئەوەی پرس بەگەلی عێراق بکەن و هەر سێ پێکهاتەکەیان بەزۆر لکاند بەیەکەوە کە 83 ساڵی خایاند( 1921-2003 ) و دوایی فەیسەڵی کوری شەریفی مەککە (حسەین کوری عەلی) کەسەرکردەی سوپای عەرەبەکان بوو لەفەلەستین ،  هێنا و کردیانە پادشای عێراق . ئیتر لەورۆژەوە تاڕۆژی ڕووخانی سەددام ،  گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تری وەکوو تورکمان ، ئاشور ، ئەرمەن ، کلدان ، ناڵاندی بەدەست زەبروزەنگی کەمایەتی

سونەو سیاسەتی ئاگروئاسن و چەوساندنەوەی تایفی و مەزەبی و نەتەوەیی و چینایەتی ئەوانەوە کە کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەنفال و کاولکردنی وڵات و دزینی سەروەت و سامانی میللەتی لێکەوتەوە. ئیستایش کەمایەتی سوننە خەون دەبینن بە ڕابوردووی ڕەشی خۆیانەوە و ستایشیدەکەن و هەندیکیان شەرمناکەن شانازی بە بەعسی بوونی خۆیانەوە بکەن و پەشیمان نین لە سیاسەتی سەددام و میشیل عەفلەقی مامۆستایان کە گەورەترین تاوانی مێژوویان تۆمار کرد بۆ خۆیان و حزبەکەیان و نەتەوەی عەرەب.
لەپێش ڕووخانی ڕژێمی بەغدا و دوای دەستگیکردنی سەددام ، کورد دوو دەرفەتی زێرینی بۆ هەڵکەوت بۆئەوەی پێداگرێ و خۆی بپچڕێنێ لە عێراقی عەرەبی و ڕاپرسی ڕەسمی بکات بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکا . یەکەمیان ڕاپەرینەکەی سالێ 1991 بوو ، دواتر کۆڕەوەکەی کورد بوو کە هەموو دنیا بۆی هەڵسایە سەرپێ و لەسەر ئاستی میللەتان و حکومەتان پشتگیری تەواویان لێکرد و بەپیریەوە چوون . دووەمیان ساڵی 2003 بوو کەڕژێمی بەغدا ڕووخێنرا و کورد دەیتوانی زۆر بچێتە پێشەوە و دەسکەوتی گەورەی باش بەدەسبێنی ، بەتایبەتی لەوکاتەدا دەوڵەتی تورکیا تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو بەرامبەر بە ئەمەریکا و ڕێگەی نەدا سوپای ئەمەریکا لەڕێگای تورکیاوە بێتە ناو خاکی عێراقەوە .
لەدەرفەتی یەکەمدا سەرانی پارتی و یەکێتی و بەرەی کوردستانی بەشانازییەوە چوون بۆ بەغدا و گفتوگۆیان لەگەڵ سەددام دەسپێکرد ( هی وایان هەبوو خەوی دەبینی لەنزیکەوە سەددام ببینێ و تەوقەیەکی لەگەڵدا بکات ! ) دوای ئەوەش لەساڵی 1994 دا شەڕی خۆکوژییان هەڵگیرسان .
لەدەدرفەتی دووەمدا کە ڕووخانی سەددام بوو ، هەتا دوو هەفتەش کەس بەکەس نەبوو کورد دەیتوانی جێپێی خۆی قایم بکات و ئاور لە بەغدا نەداتەوە و بەشداری نەکات لە بنیاتنانەوەی عێراقدا و پێ لەسەر مافی چارەی خۆنووسین داگرێت و ڕاپرسییەکی گشتی ئەنجامبدات لە سەرانسەری کوردستاندا . داخەکەم ئەو دوو دەرفەتە زێرینە لە دەس چوون و منیش نامەوێ زۆر لەسەری بوەستم و بنووسم چونکە پێشتر زۆری لەسەر نووسراوە .
لەشەش ساڵی رابوردوودا ، واتە لەڕۆژی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا و دانانی پۆل برێمەر بە حاکمی سیاسی عێراق و دامەزراندنی مەجلیسی حوکم و نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژاردنەکان و دامەزراندنی حکومەت و دانانی سەرۆک کۆمار ، لەو کاتەوە هەتا ئێستا سەرانی پارتی و یەکێتی لەخەمی خۆیاندان و لەبەر شەڕە پەڕۆ ، دووئیدارە ، دوو حکومەت ، دوو هێزی پێشمەرگە ، دوو بودجە ، سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانیان نەپەرژاوە کەهەتا ئێستایش بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون ، هۆیەکەیشی ئەوەیە ئەوان پروایان پێی نییە و بەهیچ جۆرێک شەڕی ئەوە ناکەن کە کورد هەقی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە ، هەقی هەیە ڕاپرسی بکات بۆ ئەو مەبەستە و بریاری خۆی بدات ، ئایا دەیەوێ لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان نا ؟ ئەوان کە لە زۆری سیاسەتەکانیاندا شکستیان هێناوە لەبەر ئەوەیە کە ناوێرن بە بەرامبەرەکەیان بڵێن ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرسی پێبکەین هەتا بتوانین بریار بدەین!!!!!!! .
جگەلەوەی ئەوان گوتارێکی سیاسی نەتەوەیی یەکگرتوویان نەبووە ، لەترسی یەکتریش نەیانوێراوە دەم لەمافی چارەی خۆنووسینی کوردەوە بدەن ، نەوەک لایەکەی تر موزایەدەی سیاسی لەسەر ئەویتریان بکات و گۆڵی خۆی بکات !!! ، تاقیکردنەوەکانی ڕابوردوو فێری ئەوەی کردووین کە ئەم دوانە لەوەتی درووستبوون بە دوو شێوازی جیاواز موخاتەبەی عەرەب و تورکمان و دەڵەتە ئیقلیمییەکان و ئەمەریکاو ئەوروپایان کردووە و لەرقی یەکتر ماڵی خۆیان و کوردیان وێران کردووە و سەریان لەمیللەتیش تێکداوە ، بۆیە هەتا بڵێیت میللەت بێزارو توورەیە لەوان .

پانتایی کوردستان بەقەدەر پانیتایی وڵاتی فەرەنسا دەبێت ، دانیشتوانی کوردستان بەلایەنی کەمەوە 40 ملیۆن دەبێت ، کورد مەرجەکانی نەتەوەی تێدایە و گەورەترین گرووپی خەڵکە لەسەر ڕووی زەوی کە هەتا ئێستا خاوەنی کیانێکی سیاسی خۆی نییە .
من بە عەیبی نازانم سەرانی حزبە کوردستانییەکان بەڕاشکاوی ئەم ڕاستییە مێژووییە بە نەیار و ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمان بڵێن . ئەگەر کورد لەهەڵبژاردنی داهاتوودا کەدەکاتە 2010/03/07 ئەو راستییانە نەڵێن و شەڕی لەسەر نەکەن ئەوا ئەوەشمان لەدەست دەچێت کە هاتوونەتە دەست .ئێمە ئێستا لەبەردەمی قۆناخێکی مەترسیدارو هەستیار و ناسکداین و لەهەموو لایەکەوە پەلامارەدرێین و کێشەی گەلەکەمان بەهۆی سیاسەتی چەوتی هەریەک لە پارتی و یەکێتی تووشی داکشانێکی سیاسی گەورە بووە و ئەگەری ئەوە هەیە موعادەلەیەکی سیاسی قورس بەرەورووومان ببێتەوە ، لەوێدا پارتی و یەکێتی نەزانن چۆن چۆنی مامەڵەی لەگاڵدابکەن و لەگۆشەیەکدا گیر بخۆن و داوا لە میللەت بکەن باجەکەی بدات .
ئێمە خاکێکمان هەیە و بەزۆر لکێنراوە بە عێراقی عەرەبییەوە و ناوی کوردستانە و لەبەدرەو جەسان و حەمرینەوە دەستپێدەکات تادەگاتە شەنگاڵ و تەلەعفەر و زاخۆ و نابێ بستێکی بخرێتە مەزادی عەلەنییەوە و بەمادەیەکی دەستووری چارەسەری بۆبدۆزرێتەوە ، سازشی لەسەر بکرێت ، قوماری لەسەر بکرێت ، بخرێتە دەنگدانەوە ( کوردستانە یان نا !!!؟ هی ئەوانە یاخود هی ئێمەیە !!!؟ دەیبەینەوە یاخود دەیدۆڕێنین !!!؟ ) .
مەسەلە چارەنووسسازەکانی ئێمە ( کەرکوک و ناوچەداپراوەکان ، سنووری فیدرالی ، بودجە و سامانە سروشتییەکان ، زوبان ، هێزی چەکدار ) بە تەوافوق و ژمارەی کورسی و پۆستی سیادی چارەسەرناکرێن لەبەغدا چونکە لەهەموو حاڵەتەکاندا کورد کەمایەتییە و ئەوان زۆرینەن . هەوەکو پێشتر ئاماژەم بێکرد یەکخستنی ماڵی کورد هەنگاوی یەکەمە ئینجا گوتارێکی سیاسی یەکگرتووی ڕوون و ئاشکرا کە خوێندنەوەو بۆچوونی خۆی بناسێنێ بەوانیتر و لەنرخ وئەهمیەتی دیپلۆماسی کوردی زیادبکات و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی بپارێزێت و لەخزمەتی گەلەکەماندابێت ، هەنگاوی دووەمە . نابێ ڕێگەبدرێت بە هیچ کەس ولایەنێک لێی لابدات و نامەسئولانە مل بنێ و زیان بەمەسەلە نەتەوەیی و کوردستانییەکان بگەیەنێ . هەرکەس و لایەنێک زیادەڕۆیی کردو لێی لادا ، ئەوا پێویستە لایەکانیتر لێی بێدەنگ نەبن و ڕاپێچی بەردەمی پەرلەمانی بکەن بۆئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدابکرێت و سزای خۆی وەربگرێت . چەمکێکی تر گرنگە بۆ کورد کەکاری لەسەربکات لە بەغدا بۆبەلاداخستنی کێشەکان ئەویش چەمکی پێکهاتەی نەتەوەیی یە و پێویستە نوێنەرانی کورد بەتوندی لایەنە سیاسییەکانی تر تێبگەیەنن لە بەغدا کە کورد میوانی ئەوان نییەو نەتەوەیەکی دابەشکراوە و تایبەتیمەندی خۆی هەیەو خۆی خۆی دەبات بەڕێوە و پێویستی بەوە نییە ئەوان وەلی ئەمری کورد بن و بریاری لەسەربدەن . کورد دەتوانێ لەمەسەلە هاوبەشەکانی وەکوو سیاسەتی دەرەوە. بەرگری ، بودجەو سامانە سروشتییەکان هاوکار بێت چونکە بەرژەوەندی هەردولای تێدایە.
خاڵێکی تری گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ، ئەویش ئەوەیە کە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئاڵۆز و لوغم کراوە و زۆر مادە و بڕگەی تیایە قابیلی تەقاندنەوەیە و هەرکات ویستیان دەیتەقێننەوە ، بۆیە نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان و لایەنە شوڤێنییەکان و سەلەفیەکانی عەرەب هەمیشە لەهەوڵی دەستکاریکردن و تێکدانی دەستووردان و دەیانەوێ هەندێ مادەو بڕگە بمرێنن و لەبەرژەوەنی خۆیان دابڕێژنەوە کەنابی بەهێچ جۆرێک ڕێگەیان پێبدرێت و سازشیان لەگەڵدابکرێت ، بەپێچەوانەوە پێوستە لەهەموو پێداچوونەوەیەکدا نوێنەرانی کورد پێدابگرن لەسەر بەهێزکردنی مادەو بڕگەکان لەبەرژەوەندی کورد ، بەشێوەیەک مادەکان لەمانایەک زیاتر نەدەن بەدەستەوە . لەلایەکی ترەوە دەمەوێ سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشم بۆ ئەوەی کە عێراقی ئیتحادی یان فیدرالی لەدەستووردا چەسپاوە و کێشەی لەسەر نییە ، بەڵام ئەوەی بەزەقی تێبینی

دەکرێت ئەوەیە کە یەکلایەنە لەلای کورد و ڕاگەیاندنی کوردییەوە باسدەکرێت و پیایداهەڵدەدرێت و لایەنە عێراقییەکان ، کەناڵە ئاسمانییەکان ، ڕاگەیاندنەکانیان ، وەزارەتەکان و دەزگا دەوڵەتییەکان کەمتر ناوی دەبەن و پێویستە قسەی لەسەربکرێت.
ئەوەی تائێستا ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە لەم شەش ساڵەی ڕابوردوودا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەغدا ، لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەسەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک پەرلەمان و وەزیری دەرەوە و 7 وەزیر و 58 پەرلەمانتار و دەیان ملیارد دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە مەسەلە چارەنوسسازەکان بەلادا بخەن و هەنگاوی گەورە بنێن بۆپێشەوە و هەر لەخەمی بازاڕ و بازرگانی و گیرفانی خۆیاندابوون و خەریکی ڕازیکردنی بەرامبەرەکەیان بوون ، کێشەی میللەتی کوردیان سووک سەیرکردووە وەکوو ئەوەی ئەوان کارمەند بن لای حکومەتی عێراق و کار بۆئەوان بکەن ، سەرۆک کۆمار بەدرێژایی ئەو ساڵانە وەک عێراقییەک کاریکردووە بۆ سەروەری عێراق و یەکپارچەیی خاکی عێراق و یەک جاریش وەکوو کەسێکی نەتەوەیی و کوردستانی خۆی پیشاننەداوە و موچرکەی پیا هاتووە ئەگەر ناوی کوردوکوردستان ببرێ و بەنزمی زانیوە خۆی وەکوو کوردێک پێشکەشبکات لەبەرئەوەی نەوەک رو بەرووی بۆڵەبۆڵ و رەخنەی ناحەزانی کورد ببێتەوە.
ئاخر ئیشی ئەو نییە ( ئەوکاتەی سەرۆکی مەجلیسی حوکم بوو ) لەگەڵ برێمەر ئیمزا بکات لەسەر ئەوەی 18 پارێزگای عێراق ببێتە پارێزگای فیدرالی و ڕیسەکان بکاتەوە بە خوری و بە دوژمنانی کورد بڵێت ( من هیچم ناوێت !!! من هیچم ناوێت !!!! ) ئەوە مەسعود بارزانییە کە شتی دەوێت !!! . ئیشی ئەو نییە سەردانی کەرکوک بکات و لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکدا کۆببێتەوە و داوابکات دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی کەرکوک بە ڕێژەی 32% دابەشبکرێت لەنێوان کوردو عەرەب و تورکماندا . کاری ئەو نییە فڕۆکەوان تاریق ئەلعەزاوی کەسەرپەرشتی و بەشداری کیمیابارانی هەڵەبجەی کردووە بەڕەڵڵا بکات و نەهێڵێ کەسیش پێبزانێ . کاری ئەو نییە کە پاکانەبکات بۆ جەللاد و سەرسەرییەکی پیاوکوژی وەکوو سوڵتان هاشم – وەزیری کۆنی بەرگری سەددام . ئاخر سەددام پۆستی گرنگی نەدەدا بەکەسێک ئەگەر سەرسەری و پیاوکوژ نەبوایە !! مامجەلال بەوە بەرز نابێتەوە جەللاد و جاسوسێکی وەکوو وەفیق ئەلسامەرائی بێنێت و بیکاتە ڕاوێژکاری خۆی تەنها بۆ ئەوەی بەعسییەکان ڕازیبکات !!. ئەم پیاوکوژە داواکراوە لەلایەن دادگاوە و ئێستا هەڵاتووە بۆدەرەوەی عێراق .
کاری یەکێتی و پارتی نییە پاکانە بکەن بۆ جەللادەکەی کورد نزار خەزرەجی و بەبێتاوان لەقەڵەمی بدەن . ئەم جەللادە کاتی خۆی لە دانیمارک بوو دوایی لەترسی دادگاییکردن هەڵات بۆ وڵاتەکانی خەلیج .
کاری مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی نییە داکۆکی بکەن لە لیستەکەی ساڵح ئەلموتڵەگ ( بەرەی دیالۆگی نیشتمانی ) چونکە ئەم کابرایە دوژمنی سەرسەختی کوردە بەمانای وشە و بەئاشکرا پشتگیریدەکات لەتیرۆریست و گەرانەی بەعسییەکان ، بە بەگوێی خۆم گویم لێبووە کە دەیوت : ئاخ دەستم بەستراوە ! ئەگەنا خۆم دەزانم چی دەکەم !! ئەگەر پشتگیری و داکۆکی دەوڵەتە عەرەبییەکان نەبێت ، ئەمانە هیچیان جێیان نابێتەوە لە گۆڕەپانەکەدا !! ئەگەر جۆرێک لەکەشو و هەوای ئازاد نەبوایە لە عێراقدا ، ئەوانە نەیاندەوێرا وشەیەک بڵێن و کون نەدەما خۆیانی تیا بشارنەوە .
کاری مامجەلال نییە لەبەغدا ناوبژی بکات لەنێوان شیعە و سوننەو بەریان بداتە کورد و لەکوردستانیش هەزار دەلاقەی تێبووە و نازانێ چۆن چۆنی بێتەوە مایە!!!! . کاری ئەو نییە لەپلێنیۆمی یەکێتیدا باسی هەڕەشەکۆنەکانی بەعس بکات سەبارەت بە بەکارهێنانی گازی کیمیایی ، جونکە ئەمە ئێخەی خۆی دەگرێتەوە بەپلەی یەکەم و خەڵک دەپرسێت : باشە ئەگەر وایە و حکومەتی عێراق گازی کێمیایی بەکار هێناوە ، ئەی جەنابتان لەپێش ڕووخاندنی ڕژێمی بەغداو ئیعدامکردنی سەددام لەکوێبوون و بۆچی ئەمانەتان باسنەکرد

لەدادگا نێودەوڵەتییەکان ، یاخود لە دادگای عێراق!!!! یان ڕاستتر ئەوەیە ئێوە پارتی و یەکێتی هەتا کاتی رووخانی سەددام نوێنەرتان هەبوو لای بەعس لە بەغدا و موسڵ .
بەم بۆنەیەوە بەپارتی و یەکێتی دەڵێم : بەدرێژایی مێژووی سیاسی خۆتان نەتانتوانیوە سیاسەتمەدار و خەڵکی بەتوانا دروستبکەن ، ئەگەر تاکوتەرا کەسانێک هەڵکەوتبێ ، ئەوە بەهەوڵ و تەقەلای خۆیان بووە ، مەلەفچی ، کۆنە موستەشار ، کۆنە بەعسی ، دزوجەردە ، بەڵێندەرو گیرفانپڕکەر ، تفەنگ بەشان و پیاوکوژ بەکەڵکی ئەو میللەتە نایەت کەئێستا هوشیارە و چاوی کردۆتەوە ، ئێستا سەردەم سەردەمێکی ترە ، هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە و پەلاماردان کاتی بەسەرچووە و باوی نەماوە و ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپاو ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش حەزی پێناکەن ، ئەگەر ئێوە دەستهەڵنەگرن لەکاری توندو تیژیی ئەوا خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا پشتتان تێدەکات و دەنگتان پێنادات . لەباتی ئەو کارانە پێویستیتان بە سەردانێکی تایبەی هەیە بۆلای ئاوارەکانی کەرکوک کە لە سەربازگە و یاریگە و خانووی قوڕیندا نیشتەجێن و ژیان دەبەنەسەر ، سەردانی قوربانییەکانی ئەنفال و ماڵە هەژارەکان بکەن لەگەرمیان و ژەمێک نان و ئاو وچایان لەگەڵ بخۆنەوە بۆئەوەی کسپە لە جەرگتانەوە بێت و پێزانینتان هەبێت بۆ ژیانی خەڵکی هەژار و لێقەوماو و بێدەرەتان .
بەڵی لەوڕۆژەوەی ئێوە قەبوڵتانکرد کەرکوک بکرێتە مادەیەکی دەستووری و بخرێتە مەزادی عەلەنییەوە ، لەوڕۆژەوە چەندانجار هاتنە سەر تەلەفزیۆن و بەڵێنتان بە خەڵکی کوردستاندا کە مادەی 140 لەکاتی خۆیدا جێبەجێدەکرێت ، کەچی بەپێی هەندێک لە قسەی بەرپرسانی عێراقی ، ئێوە هەر باسیشتان نەکردووە و بەلایدا نەچوون ، ئینجا نەخوازە چیبەجێی بکەن. لە هەڵبژاردنی ئەمجارەوە میللەت لێتانی قەبووڵ ناکات ، چونکە جامەکە پڕبووە و لێیدەڕژێ .
زۆر عەیبە پارتی و یەکێتی بەقەدەر حەماسی فەلەستین و حزبوڵڵەی لوبنانی پێنەکرێت! لەوڕۆژەوەی حەماس سەربازێکی ئیسرائیلی بەناوی ( جەلعات شەلیت ) ی ڕفاندووە ، ئەمەریکاو ئیسرائیل لەچەندین کەناڵی خۆیانەوە خەریکن بۆ ئازادکردنی بەڵام هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون و گەلی فەلەستینیشیان ئیبادە نەکردووە !!! .
سەرانی یەکێتی و پارتیش خواخوای ئەوەیانە کەسێکی وەکوو کریستۆفەر هیل ، زالمای حەلیل زاد ، بانکیمۆ ، ستیفان دیمستورا ، میرکەلت و نوێنەرانی تری ئەمەریکا و ئەوروپا ڕووبکەنە کوردستان بۆئەوەی سەریان بۆبدەن بەزەویدا و ڕێنماییەکانی ئەوان جێبەجێبکەن لەسەر حسابی کێشەی کورد و خێراخێرایش دەڵێن ئێمە فشارمان لەسەرە ، ئەمە لەکاتێکدا ئەوان نوێنەری حزبەکەی خۆیانن نەک گەلی کورد و لەمەودوا دەبێ پرس بەگەل بکەن .
کەی ئەوان توانیویانە دەرس وپەند لەمیللەتان و وڵاتانی دنیا وەربگرن و وەکوو گەورەپیاوانی ئەوان هەلسوکەوت بکەن ، کەی توانیویانە وەکوو سەرۆکی رابوردووی بۆسنە عەلی عیزەت بیگۆڤیێتیش بکەن کەخۆی نەدا بەدەستەوە بۆ فشاری هیچ زلهێزێک ، کەی توانیویانە بەقەدەر جۆن گەرەنگ-ی سەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیگەلی خواروی سودان ئازابن ، کەی وەکوو سەرۆکی بەرەی ڕزگاریخوازی بۆلیساریۆ محەمەد عەبدولعەزیزیان پێکراوە ، کەی توانیویانە بەقەدەر ڕاموس هورتای سەرۆکی تەیموری ڕۆژهەڵات پێدابگرن ....ئەمانە هەموو ڕزگاربوون و بوونە دەوڵەت ، بەڵام دەوڵەت لای ئەوانەی ئێمە خەونی شاعیره!!!!!!.
من پڕوانەکەم سەرانی پارتی و یەکێتی لەگۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە گەیشتبن ، لەبیریسترۆیکا و گلاسنوسی گورباتشوف شتێک فێربوبن کەدنیاکی نوێی لەگەڵ خۆی هێنا و سەرۆک بوش- ی باوک لەساڵی 1990 دا بەگلوبالیزم ( سیستمی نوێی جیهان ) ناویبرد و پڕوانەکەم ئەوان لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران تێگەیشتبن و ناوی کۆمارەکان بزانن کە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە وەکوو :

کۆمارەکانی سلاڤ : ڕوسیا ، ئۆکرانیا ، بیلاڕوسیا
کۆمارەکانی بەلتیق: ئەستۆنیا ، لیتوانیا ، لاتیفا
کۆمارەکانی قەوقاز : ئەرمێنیا ، جۆرجیا ، ئازەربایجان
کۆمارە تورکەکان : تورکمانستان ، کازاخستان ، ئۆزبەگستان ، قیرغیستان
کۆماری تری وەکوو : مۆلدافیا ، تاجیکستان
ئەم کۆمارانەی سەرەوە لەیەکێتی سۆڤیەت جیابوونەوە و هیچیان دووچاری پەلامار و کوشتنی بەکۆمەڵ نەبوون .
دیسان بروانەکەم ئەوان ناوی کۆمارەکانی یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوە بزانن کە برێتین لە :
جبل الاسود ، کرواتیا ، بۆسنە ، هەرسک ، مەکدۆنیا ، سلۆڤینا .
ئەمانیش بەخەبات و تێکۆشانی خۆیان بوون بە دەوڵەت و زلهێزەکانیش هیچیان نەکرد لەدژیان.
خوانەکا لەژێر چەتری پارتی و یەکێتیدا ناوی سەربەخۆیی بەریت ، ئیتر ئەوان سەری دنیایان لێدێتەوە یەک و بە خەڵکەکە دەڵێن : لێمان تێکمەدەن !!! تومەز ئەوان بە خەویش نەیانبینیوە ئەوەندە پارەودەسەڵات لەدەستیانا کۆببێتەوە . جارانیش لەپەنجاکان و شەستەکاندا برادەرانی کاژیک یان ناونابوو کورد کوژە و لە بیرم دێت ژمارەیەکیان لە ڕیزەکانی پارتیدا بەو تومەتە سڕکردو دوورخستەوە لەکاری حزبایەتی و پروپاگاندەی زۆریشیان لەدژ دەکردن.
کەسێکی وەکوو مامجەلال ڕەنگە وەها بیربکاتەوە کەئەگەر کۆماریٚ کوردستانیش دامەزریٚ ، ئەوا ئەو لەمەی ئێستا باشتری دەست ناکەویٚ ، ئیتر بۆچی سەری خۆی بیەشێنیٚ !!! . ڕەنگە ئەوکاتەی ئەو پێشوازی لە سەرۆک و بەرپرسە گەورەکانی دنیا دەکات یان بە میوانی دەچێت بۆلایان ، ئیتر ئەو دەمە هەموو دنیا بەهی خۆی بزانێت!!! . کەوابوو ئەو چی داوە لە کوردوکوردستان و ئەم کێشەئاڵۆزەی دەیان ساڵە کورد خوێنی بۆدەدات!!!!! .
ساڵی 2005 بزاڤی رێفراندەم ڕاپرسییەکی بەرفراوانی ناڕەسمی کرد لە کوردستاندا سەبارەت بەوەی گەلی کورد چیدەوێت کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس بەشداری تێداکرد ، زۆربەیان بەڕێژەی 95% نەیانویست لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا بمێننەوە.
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ڕووی دەم لە سەرانی یەکێتی و پارتی بکەین و بپرسین : ئێوە بەرەو کویٚ ملدەنێن ؟! چەند ساڵیتر یاری بە چارەنووسی ئەم گەلەوە دەکەن کە هەرچی قوربانی هەیە داویەتی ؟! چەند ساڵێتر ئەمە حاڵی میللەتی ئێمە دەبێت ؟!
ئەگەر ناتوانن لەمە باشتر بکەن ، بۆچی دەوروتەسلیم لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەدا ناکەن بۆئەوەی ئەوان ئەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی یە بخەنە ئەستۆی خۆیان ؟!!!!

## دەربارەی گەندەڵی و هەڵ لوشینی سەروەت و سامانی نیشتمانی و نەتەوەیی

گەندەڵی چییە ؟

گەندەڵی مانای خراپ بەکارهێنانی یاساو دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی تایبەت .
گەندەڵی ئیداری و مالی دیاردەیەکی جیهانییە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکانیشی گرتۆتەوە و ڕێشەیەکی قووڵی هەیە و هۆکاری جیاجیاشی هەیە ، لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێک و لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر دەگۆردریٚ ، بۆنموونە جێاوازییەکی جەوهەری هەیەلەنێوان ئەو کۆمەڵگایانەی ملی ڕێگای دیموکراتییان گرتۆتەبەر و بەشداری تاکەکانی کۆمەڵ بەرفراواندەکەن لەو سیستمەدا لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تر کەحوکمی شمولی و دیکتاتۆری تێداباوە و دەرگای لە تاکەکانی کۆمەڵ

داخستووە . دیسان نزمی ئاستی ژیان ، پلەی دواکەوتن و بێکاری هۆکارێکی تری گەندەڵین .
ئەوکاتەی حکومەتی بەغدا کشایەوە لەکوردستان ، عێراق ئەمبارگۆی نێودەولەتی لەسەر بوو ، کوردستانیش لەلایەن عێراقەوە ئابلووقەدرابوو ، باری ژیانی خەڵک خراپ بوو ، جۆرێک لە برسێتی ڕووی لەخەڵک کردبوو ، بۆبەدبەختیش ساڵی 1994 شەڕی خۆکوژی مەلایی و جەلالی جارێکیتر دەستی پێکردەوە لەسەر باج و گومرگەکەی ئیبراهیم خەلیل کەسەری چەندهەزار کەسێکی خوارد . ئەوسا ئەوەی دەسەڵاتی لەدەستا بوو لە کوردستاندا پارتی و یەکێتی بوو کە تازە لە شاخ هاتبوونە خوارەوە و لە فیشەک تەقاندن و بەکارهێنانی ئار بی جی و هاوەن بەولاوە شارەزاییان نەبوو لە ئیدارەکردنی خەڵک و بەڕێوەبردنێ حکومەتدا ، حزب و سەرۆک حزبەکان لەسەروو یاساوە حسابیان بۆخۆیاندەکرد و کەسیان بەهیچ نەدەزانی ، لەبەرئەوە هەر خۆیان بوون کەگەندەلییان لەشاخەوە بەدیاری هێنا بۆناوشار و بەخشییانەوە بەسەر لق و مەلبەند و کۆمیتەکانی خوارخۆیاندا و بەپرسە حکومی و حزبییەکانیان فێری دزی و گزی و فزی و بەرەڵلایی و پاشەڵ پیسی کرد و ئەم ڕۆژەیان درووست کرد کە میللەتەکەمان لێی بێزارە و داوای گۆڕان دەکات و ئەوانیش (پارتی ویەکێتی) شەو ورۆژ پیایاهەڵدەدەن . ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لە کوردستاندا ئەوەیە کە هەتا ئیستا هیچ بەپرسێکی حزبی و حکومی گەندەڵ لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراوە و هەتا ئەوساڵانەی دواییش ( پێش پەیدابوونی بزوتنەوەی گۆڕان ) کەسێک نەیدەوێرا بەوانە بڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە چونکە سەرۆک حزبەکان خۆیان لەو بابەتەبوون ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ، لەوڵاتە پێشکەوتو و دیموکراتەکانی دنیادا هەرکەسێک گەندەڵی و کاری خراپەی لێدەرکەوێ ئەوا لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکریت و دەدرێتە دادگا بۆئەوەی سزابدرێت و ڕیسوابکرێت . نموونەی ئەمە کاتی خۆی کە ریتشارد نیکسۆن سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکابوو ( 1969 – 1974 ) لەحزبی کۆماری ، جاسوسیکرد بەسەر حزبی دیموکراتەوە و خەریکی دانانی کەرەسەی جاسوسی بوو لە بارەگای حزبەکە کە ناوی ۆتەرگێت بوو ( ئەو جێگایەی ناوزراوییەکەی بەناوەوە ناونرا ) و پێزانرا ودایان بەدادگاو ناچاریانکرد دەست لەکار بکێشێتەوە و دواتر سەرۆکی دوای ئەو جیرال فۆرد لێی خۆشبوو . هەروەها ئەوکاتەی بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەمەریکابوو ( 1993 – 2001 ) دەستی تێکەڵکرد لەگەڵ کچە کارمەندێکی خۆی لە کۆشکی سپی بەناوی مۆنیکا لۆینسکی و دواتر پێزانراو وازیان لێنەهێنا هەتا ناچاریانکرد ددان بە ڕاستییەکاندا بنێت و ئەوەندەی نەمابوو بیهێننە گریان ، حزبەکەی فریای کەوت کە دەست لەکار نەکێشێتەوە و ڕزگاریانکرد .
دیسان لە سوید چەند ساڵێک لەمەوبەر کەسێک بەناوی ستیگ مالم سەرۆکی هەموو سەندیکای کرێکارانی سوید بوو بەپلەی وەزیر ، ڕۆژێکیان شتێکی لەدەم دەرچووبو لەسەر ئافرەت و قسەکە بەر دەمی ژنان کەوتەوە و کاتێک بەخۆی زانی ڕۆنامەنووس و کامیراو تەلەفزیۆن دەوریداوە و وازیان لێنەهێنا هەتا دەستیان لەکار پێکێشایەوە ، هەچەند پاکانەی زۆری کردو وتی من بەگاڵتەم بووە و مەبەستم نەبوە و نازانم چی ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو .
لەم سێ نموونەیەدا دەمەوێ بڵێم لەوڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوو شتێک هەیە کە پێیدەڵێن دەسەڵاتی چوارەم کەبرێتییە لە ڕاگەیاندنێکی ئازاد ، کێیان بوێت لەوانەی گەندەلییان لێدەردەکەوێ و خراپ دەسەڵات و یاسا بەکاردەهێنن ، گوێچکەیان دەگرن و لای میللەت سووک و ڕیسوایاندەکەن . لەکوردستان تەواو پێچەوانەکە ڕاستە و ئەگەر چاوی نێودەولەتی لەسەر دوو حزبەکە نەبوایە ، ئەوا هەموو ڕۆژێک ڕۆژنامەنووسێکیان دەکوشت .
ئەمڕۆ گەندەڵی لەکوردستاندا بۆتە دیاردە و کەس نکولی لێناکات ، تەنانەت بەرپرسە حکومی حزبییەکان کەلەخۆیانەوە گەندەڵی دەستپێکردووە ددانی پێدادەنێن .

لەژێر چەتری گەندەڵیدا دوودەسەڵات ، دوو حکوومەت هەیە ، یەکێکیان دەسەڵات و حکومەتی ئاشکرایە کە هەمووومان لەڕاگەیاندنەکانەوە یاخود بە شێوازی جیا دەیبینین . دووەمیان حکومەت و دەسەڵاتی پشتی پەردەیە و بە حکومەتی شاردراوە ناسراوە و بەرگی نیشتمانییان لەبەرکردووە بەڵام بەچاو نابینرێ و خەتی سوورە و نابێ کەسیش باسی لێوە بکات ، ئیتر ئەوان خۆیان چییان بوێ لەپشتی پەردەوە دەیکەن و شەرم لە میللەت ناکەن ، هاتنی شاندە بیانییەکان ، نوێنەرانی ئەم وڵات و ئەو وڵات ، حکومەتەکان ، ڕێکخراوەجیاجیاکان ، کۆمپانیاکان.......تاد قسەوباس لەگەڵ ئەمانەدا کەمێکی نەبێ خەڵک پێی دەزانێ ، ئەویتری هەمووی شێوەی نهێنی بەخۆوە گرتووە و بەرپرسان نایانەوێ ڕوونوئاشکرا (شەفا ف) قسەوباسی لەسەربکەن . یاریکردن بە بودجەو داهاتی هەرێم لە رسومات ، گومرگ ، باج ، هەمووی حکوومەتی شاراوە ئاڵتم وساتمی لەسەر دەکات و ئەوانیش (پارتی و یەکێتی) وەکوو برا بەشێدەکەن . کێ دەتوانێ پێمان بڵێ داهاتی ئیبراهیم خەلیل بەتەنها لەساڵی 1992 وە هەتا ئێستا چەندەو چیلێکراوە!!!!!! .
مشتومڕی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا کە زیاتر لەسەر پارەو گرێبەستە نەوتییەکانە لەگەڵ کومپانیا بێگانەکان و قاچاخچییەکاندا ، ئەمیشیان هەر حکومەتی شاراوە دەیگرێتە ئەستۆی خۆی و تاو و توێی دەکات و چۆنی ویستبێ وای کردووە .
جاروبار لای میللەت وای پیشاندەدەن کە شەڕەکانی ئەوان لە بەغدا هەمووی لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکانی گەلەکەمانە و ئەوە ئەوانن ( بەغدا ) کە نایانەوێ بێنەپێشەوە لەگەڵماندا ! ، لەڕاستیشدا مەسەلەکە وانییە و ئەوەی ئەوان بەلایدا ناچن و شەڕی لەسەرناکەن مەسەلە نەتەوەیی و چارەنوسسازەکانی ئێمەیە کە میللەتی لێداپراوە و بۆتە کێشەی پارتی و یەکێتی و کومپانیا قاچاخچییە بیانییەکان و دەسەڵات و حکومەتی شاراوە و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ئەم میللەتە ، بۆیە هەموو جارێک وەکوو میزەڵدانێکی فووپیاکراو دەچنە بەغدا ، کەچی لەوسەرەوە بەبەتاڵی دەگەڕێنەوە بەبێئەوەی ڕوونیبکەنەوە بۆ خەلک ئەمان چییان وتووە و ئەوان چییان وەڵام داونەتەوە ، کامەیە ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێککەوتوون و کامەیە ئەوانەی ناکۆکن لەسەری !!!. هەتا ئێستا ئەوەی خەڵک دەیبینێ ئەوەیە کە ئەوان کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن و مەسەلەی میللەت بەپلەی دوو دێت .
لەکورستانیش بازاڕی ئابوری ، پرۆژەبازرگانییەکان ، بازاری پارەوپول و بۆرەسە ، کومپانییەکان ، تەندەری مقاوەلات ، پرۆژەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە ، بازاری جگەرەو مەشروب ، فرۆکەخانەکان ، تەلەفزیۆنەکان ...تاد ئەگەر هەمووی هی خۆیان نەبێت ئەوا پشکی گەورەی ئەمانی تێدایە ، بۆنموونە کەسێکی وەکوو خاتو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە لەکاتی خۆیدا لەگەڵ مامجەلال و ئێمەی ئاوارە لە دیمەشق (شام) بوین ، لەگەڵئەوەی هەموو یارمەتییەکانی ئەوسەردەمە کە بۆ ی. ن. ک دەهات لای ئەو و مامجەلال کۆدەبۆوە و بەشێکیان لە بانکەکانی عەممانی پایەختی ئەردەن دادەنا و ناوبەناو دەچوون لەوێوە پارەیان دەهێنا و کارەکانیان پێرادەپەڕاند . لەگەڵئەوەی هێرۆخان و مامجەلال زۆر لەئێمەمانان باشتر دەژیان و شوققەکەیان بەهۆی ئەوەی خەڵک لە هەموو شوێنێکەوە ڕوویان تێدەکرد ، لەوانەی خەڵکیتر کەئەوسا ئاوارە بوون و لە شام دەژیان گەورەتر بوو ، لەگەڵئەوەی مامجەلال یەک حیمایەی هەبوو ، ئەویش شۆفێرەکەی خۆی بوو (ئەبو عیماد) کەئەفسەرێکی موخابەراتی سووری بوو . لەگەڵ ئەمانەدا ، ئەوسا ئەوان نە وەکوو پادشا و سەرۆک کۆمار دەژیان ، نەکۆشک و پاسەوانی زۆریان هەبوو ، نەملیۆنێر بوون ، کەچی ئێستا بەتەنها هێرۆخان بۆتە خاوەنی شاخ و گرد و تەپۆڵکەی دەوروپشتی سلێمانی، هەروەها زەوی و زاری زۆر و باڵەخانەو کۆشک و بازاری گەورەگەورە و بازرگانی و کومپانیای گەورە گەورە کە قەت باوەڕناکەم مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەمانەی هەبووبێ و بۆئەوی جێهێشتبێ . لەبەر ئەوە هەمووکەس بۆی هەیە ئازادانە بەبێ سڵەمینەوە بپرسێت : خانم ئەمانەت لەکوێ بوو ؟ !!!!!! .کەی دەیگێریتەوە بۆ میللەت !!!! .

نموونەی دووەم 18 ملیۆن دۆلارەکەی کارەبای تەقتەقە کە لەڕێگەی عومەر فەتاحەوە سەری تیاچوو و بەهەموویان هەڵیانلوشی . پۆلیس و دادگا کردیانە هەرا لەسەر ئەم پارە لوشدراوە ، بەڵام هیچیان پێنەکرا و بەرپرسەکانی یەکێتیش وتیان پارەکە ماوە و دەستکاری نەکراوە ! ، باشە ئەگەر ئەم قسەیە ئەسڵ و ئەساسی هەبوو ، ئێستا خەڵک پرسیار لە مامجەلال و هێرۆخان دەکات : کوا بۆچی پارەکەتان نەگەڕانەوە بۆ میللەت ؟ !!! .
نموونەی سێیەم ئەو ملیۆن و ملیاردانەیە کە براونەتە دەرەوەی وڵات بۆ بانکەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو وڵاتانی خەلیج و وڵاتانیتر کە یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاو خەلیجییەکان دەزانن پارەی کێیە و لەکوێوە هاتووە و چەندی خراوەتە پرۆژەی وەبەرهێنانەوە !!!!
پرسیارەکە ئەوەیە : تۆبڵێی ڕۆژێک بێتە پێشەوە میللەت ئەمانە ڕاپێچی دادگا بکات و ناچاریان بکات پارەکان هەموو بگێرنەوە کە هەمووی خوێن و ئارەق و فرمێسکی خەڵکی هەژارو لێقەوماوی کوردستانە ؟ پارەی ئەو هەزاران کەسەیە کە هەقیان خوراوەو هیچیان بۆنەکراوە ، پارەی گەڕەکی سەروەرانە لەهەڵەبجە کە تا ئەژنۆت دەچێ بەقوردا و دکتۆر بەرهەمیش بەزیارەت دەچیتە ئەوێ و بەڵێن دەدات هەڵەبجە بکاتە پارێزگا و زانکۆی بۆدامەزرێنێ !! . خەڵک ئەم چەواشەکارییە قەبووڵناکات و کرداری دەوێت .
لەدوای ڕۆیشتنی نێچیرڤان بارزانی و دەسبەکاربوونی دکتۆر بەهەم ئەحمەد ساڵح بۆ پۆستی سەرەک وەزیران ، برادەرێکی نزیک بە بنەماڵەی بارزانی لەتەلەفۆنێکدا لەگەڵ من وتی : دەزانی بەڕۆیشتنی نێچیرڤان بارزانی خەزێنەی دەوڵەت گسکی لێدراوە و پارەی تێدا نەماوە ! وتم : چۆن ! شتەکان هەمووی بە ڕاوەستاوی دەمێننەوە ! تومەز نەک هەر گسکی لێدراوە بەڵکو 500 ملیۆن دۆلاریش کورتی هێناوە (عجزی هەیە) .
کاک نێچیرڤان بارزانی لەجارێکیاندا لە یەکێک لە کەناڵەکانەوە دانی بەوەدانا کەگەندەڵی هەیە و وتی : بەڵام ئەوەی باسی گەندەڵی بکات دەبێ بەڵگەی هەبێ !
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵگە زۆرە و جارێ پێش هەموو شتێک دەمەوێ بڵێم کە میللەتێک هاوارێتی بەدەست پارتی و یەکێتییەوە و ئەوەی ئەوان کردیان و دەیکەن وێنەی نییە لە دنیادا ، تاقیکردنەوەی ئەم 18 ساڵە دەریدەخات ئەوانە چەند لەخەمی گەلەکەیاندا بوون . بەهەزارەها خێزان برسییەتی و هاواردەکات لەدەست نەبوونی ، لەهەڵبژاردنی رابوردوودا دەیان هەزار کەس پشتی کردە ئەو دوو حزبەو ئەمجارەشیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەندەیتر پشت دەکاتە ئەو دوو حزبە ، ئێستایش بۆئەوەی کاک نێچیرڤان بارزانی دڵی ئاو بخواتەوە ، فەرموو با ئەو و کاک مەسعود بارزانی و مامجالال و هێرۆخان و هەموو ئەو کەسانەی نیشانەی پرسیاریان لەسەرە کۆببنەوە لەبەردەمی کۆمیتەیەک ، هەیئەتێک ، لیژنەیەک لە ( یاساناس ، ئابووری ناس ، سیاسەتمەدار ، هونەرمەند ، پیاوی ئایینی و کۆمەڵایەتی ناسراو ) کەهەموو بێلایەن بن و لەبەردەمی ئەواندا سوێندی شەرەف بۆ میللەتەکەیان بخۆن و ئاشکرای بکەن مووچەیان چەندە ؟ ، سەروەت و سامانی ئەوان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات چەندە ؟ ، پرۆژەی وەبەرهێنانی ئەوان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات چییە و بە چەند دەخەمڵێنرێ ؟ داهاتی شەخسییان لەپرۆژەی بازرگانیترچەندە ؟ دوای سوێند خواردنەکە پێویستە ئەمە بکرێتە دوکومێنتێکی ڕەسمی و بڵاوبکرێتەوە و وێنەی بدرێتە لایەنە کوردستانییەکان ، هەروەها حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا.
پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم پێشنیارە ئەوان تووڕەناکات و جێبەجێی دەکەن ؟!!! لەوەڵامدا من پێش ئەوان دەکەوم و دەڵێم ئەم جۆرە پرسیارانە تێپەڕاندنی خەتی سوورە و نابێ کەس دەمی لێوەبدات چونکە شێوەی حوکمکردن لە کوردستان خێڵەکی و نیمچە شموولییە و ئەو ئازادییەی کەلەکوردستاندا هەیە هێشتا لەسەر قاچێکی خۆیشی نەوەستاوە .
وەڵامێکی تر لەسەر قسەکەی کاک نێچیرڤان بارزانی ئەوەیە کە ئەو کاتی خۆی بەپشتبەستن بە دکتۆر ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان) گرێبەستێکی

نەوتی کردووە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەرویجی بەناوی DNO بۆکارکردن لە کێڵگەکانی تاوگ کەیەکەم کێڵگەی نەوتی هەرێمە و کۆمپانیای ناوبراو لە 55% پشکەکانی هەیە ، ئەوان (واتە کاک نێچیر ڤان و دکتۆر ئاشتی) مەرجیان داناوە لەسەر کۆمپانیاکە کە ناویان نەهێنرێ . لەپاڵئەمەدا هەر خۆیان بەناوی حکومەتی هەرێمەوە یارمەتی کۆمپانیایەکی تورکیان داوە بەناوی ( گەنەڵ ئینێرجیێ) بۆئەوەی بێتە ناوەوە و پشکی خۆی بکڕێ و قازانجی لێبکات ، کەئەمە بۆخۆی بە بازرگانی ناودەبرێ چونکە لەمکارەدا نێچیرڤان و ئاشتی هەورامی 16 ملیۆن دۆلاریان چنگ کەوتووە و چەندکەسیتریش لەدوای ئەم پارەیەوەیە جارێ نازانرێ . لەلایەکی ترەوە بۆئەم مەبەستە پێتەرگالبرێس یان تێکەڵی ئەم مەسەلەیە کردووە و لە 5% ی پشکەکانیان بۆ مسۆگەرکردووە .
پێتەرگالبرێس داکۆکیکارە لە مافی کەمینەکان لە جیهاندا ، لەم دواییەدا وەکو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان دەستی لەکار کێشایەوە بە پاساوی بوونی گزی وفزی و ساختە لەهەڵبژاردنەکاندا . ناوبراو لەگەڵ کورەکەی ( ئەندریو ) کۆمپانیایەکیان کردەوە بەناوی ( پۆرکیو پاین ) و تێکەڵ بە کۆمپانیای DNO ی نەرویجی بوون .
قسەوباس هەیە کەجەی گارنەر ( حاکمی سەربازی لە عێراق 1991) ڕێژەیەکی لەپشکەکان کڕیوە !! .
وادیارە دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا ژمارەیەک بەرپرسی ئەمەریکایی و یەکێتی ئەوروپا و UN یشیان فێری مشەخۆری و بەرتیل و گەندەڵی کردووە ، ئەگەنا جەی گارنەر و پێتەر گالبرێس و کێڵگەکانی نەوت کوجا مەرحەبا !!! ، یان کەی کاری مامجەلالە بە جەی گارنەر بڵێت ئەگەر خانە نشین بووی وەرە لەکوردستان دابنیشە و خانوویەکی جوانت بۆدەکەم !! . کامەتا ئەو خانوانەی ئەو کردوونی بۆ قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان !!!.
ڕاگەیاندنەکانی نەرویج کەدەسەڵاتی چوارەمە و ئێخەی هەموو کەس و کۆمپانیا و دەزگایەکی گەندەڵ دەگرێ و ناچاریان دەکات ددان بە ڕاستییەوکاندا بنێن....ئەوان ئەم مەسەلەیەیان تەقاندەوە و دوایی حکومەتی نەرویج سزای DNO ی نەرویجی داو نزیکەی 360000 دۆلار غەرامەی لێسەندن وەکوو سزا . نوخشەبێت لە هێزی گەل و ڕاگەیاندنی کوردی !!.

## دوا وتە

ئەمڕۆ کوردستان بە قۆناخێکی ناسکدا تێدەپەڕێت و بزووتنەوەی گۆڕان وەکوو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بۆتە دیاردەیەک و سەرانسەری کوردستانی گرتۆتەوە . پێویستە پارتی و یەکێتی باوەشی بۆبگرنەوە ، دیموکراتخواز و واقیعبینانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکەن و هاوکاری بکەن و خۆیان دووربخەنەوە لە دژایەتیکردن و پەلامار و هێرش و سوکایەتیپێکردن و تانەوتەشەر ، لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ پەرلەمانی کوردستان چالاک بکرێت بۆئەوەی بەئەرکەکانی هەڵسێت و بە جددی چاودێری کارەکانی حکومەت بکا و گەندەڵی قاڵاچۆبکات لە کوردستاندا .
تەنها و تەنها لەم ڕێگەیەوە کورد دەتوانێ گوتارێکی سیاسی باشی هەبێت و لەبەغدا یەکگرتووبێت ، فرە لێستی و فرە قەوارەی سیاسی کارناکاتە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی ئێمە ، یەکگرتن و یەکهەڵوێستی هەنگاوی یەکەمە ، بەپێچەوانەی ئەمەوە پاشقوژگرتن ، دوورویی ، درۆکردن ، موزایەدەی سیاسی ، چوونە پاڵ دوژمن ئێمە سەرناخات و هیچیش بە هیچ ناکەین .
ئێمە لە بەغدا نەیار و ناحەز و دوژمنمان زۆرە کەلەنەتەوەپەرستانی عەرەبی توندڕەوا خۆی دەبینێتەوە ، هەروەها شۆڤێنییەکان و سەلەفیە توندڕەوەکان کە پڕوایان بە کوردو کوردستان نییە و کورد بەمیوان دەزانن لەسەر خاکەکەی خۆی ، ئەوان گاڵتەیان بە

سیستمی فیدرالی و ئیتحادی دێت ، بۆیە زۆر پێویستە هەموو لایەنە کوردستانییەکان کاربکەن لەسەر دیاریکردنی ستراتیژێکی نەتەوەیی کە برێتییە لە مافی چارەی خۆنووسین و لەپالێا بەدیلیلێکیان هەبێ بۆ ئەمە کە حوکمی کونفدرالییە لە چوارچێوەی عێراقێکی ئیتیحادیدا و دوایی پێدابگرتن لەسەر ئەوەی کورد داوای ڕاپرسی دەکات لەسەرانسەری کوردستاندا وەکوو خوارووی سودا ن و بۆلیساریو کەلەو درووشمە نایەنە خوارەوە و ئێستا حکومەتی سودان لاری نییە لەو ڕاپرسییە و پروایشی هێناوە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە خوارووی سودان .

من بروام نییە هیچ هێزێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پەلاماری کورد بدەن و ئیبادەی 5 ملیۆن کورد بکەن بەرامبر بەم درووشمانە کەهەقێکی تەبیعی و شەرعی گەلی کوردە .

خاڵیکیتر کەدەمەوێ سەرنجی خوێنەرانی پێڕآکێشم ئەوەیە کە سامانە سروشتییەکانی کوردستان لە ئاو ، نەوت ، گاز ، ئالتون ، مس . ئاسن ، گۆگرد ، فۆسفات ....تاد هەمووی مولکی میللەتە و هیچ کەس و لایەنێک بۆی بییە قاچاخچێتی بەسەرەوە بکات یاخود کۆمپانیای بیانی بۆ بهێنێتە کوردستان و گرێبەستی لەگەڵدا بکات و سەروەت و سامانی ئێمە بەتاڵان بەرن .

هەروەها بودجەوداهاتی کوردستان لە رسومات و باج و گومرگ دەبێ بە بەئاگاداری میللەت مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و هیچ حزب و سەرۆک حزبێک دەس وەرنەداتە پارەوپوولی میللەت .

عارف کەریم – ستۆکهۆڵم

2010/02/02

Kadir_arif@hotmail.com